Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2023-2024
Vol. IX, No. 2, Series 16

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۴۰۲
سال ۹، شماره ۲، پیاپی ۱۶

# کوردۆلۆژی وەک گوتارێکی ڕۆژئاوایی

**موحسین ئەحمەد عومەر**
پرۆفیسۆری ئەدەبی بەراوردکارانە، بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،
کوردستانی عێراق
mohsen_ahmadomer@yahoo.fr

**وتاری توێژینەوەیی**

کاتی وەرگری: ۱۸ی ڕەشەمەی ۱۴۰۱، کاتی پەژیران: ۲۰ی بەفرانباری ۱۴۰۲؛ صص. ۳۴۲-۲۹۷

DOI: https://doi.org/10.22034/jokl.2024.63037

## چکیده

کردولوژی گفتمانی غربی است که نمایندۀ فرهنگ و قدرت غربی است. کردولوژی محصول مدرنیته است. پیدایش آن به اواخر قرن هجدهم برمی‌گردد. در اواخر قرن نوزدهم و اوایل قرن بیستم در اوج خود بود و بلافاصله پس از جنگ جهانی دوم، کردشناسی به عنوان یک گفتمان شرق‌شناسی رو به افول نهاد. پس از مدتی سکوت، در پایان قرن بیستم، دوباره در قالب مطالعات کردی در دانشگاه‌های غربی دوباره از سر گرفته شد؛ اما خارج از گفتمان شرق و غرب. منابع کردشناسی شامل زبان‌شناسی، نوشته‌های مؤسسات مذهبی غربی، منابع قوم‌نگاری و سفرنامه‌ها است. زبان کردی خیلی زود به ماده و دلیل ارتباطی شرق و غرب تبدیل شد؛ اما در خدمت نهادهای مذهبی غربی. ظهور اصطلاح کردولوژی به صورت کردولوجی در فرهنگ لغت کردی به سال ۱۹۱۳ برمی‌گردد. با این حال، تا پس از سال ۱۹۷۰، هیچ پژوهش کردی و کردشناسی پیشرو در این زمینه نداریم. در منابع کردی، کردشناسی به عنوان گفتمانی در خدمت زبان و فرهنگ کردی تلقی می‌شود که این دیدگاه اشتباهی آشکار است که نتیجۀ بی‌تجربگی

## کورتە

کوردۆلۆژی گوتارێکی دامەزراوەیی ڕۆژئاواییە، نوێنەرایەتی فەرهەنگ و دەسەڵاتی ڕۆژئاوا دەکات. کوردۆلۆژی بەرهەمی سەردەمی نوێیەتییە. سەرهەڵدانی بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەهەم دەگەڕێتەوە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم لەوپەڕی گەشانەوە دابووە، ڕاستەوخۆ دوای شەڕی دووەمی جیهانی کوردۆلۆژیش وەک گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی ئاوا دەبێت. پاش ماوەیەک بێدەنگی لە کۆتایی سەدەی بیستەم بەملاوە هەر لە ڕۆژئاوا، لە فۆرمی توێژینەوە کوردییەکان لەناو زانستگا ڕۆژئاواییەکان سەرهەڵدەداتەوە؛ بەڵام لە دەرەوەی گوتاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. سەرچاوەکانی کوردۆلۆژی بریتین لە: فیلۆلۆژی، نووسراوەکانی دەزگا ئایینییە ڕۆژئاواییەکان، سەرچاوە ئیتنۆگرافییەکان و سەفەرنامەکان. لە زووێکەوە زمانی کوردی دەبێتە ماتریالی پەیوەندی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەڵام لە خزمەتی دەزگا ئایینییەکانی ڕۆژئاوا. دەرکەوتنی زاراوەی کوردۆلۆژی بە فۆرمی کوردۆلۆجی لە ناو فەرهەنگی کوردی بۆ ساڵی ۱۹۱۳ دەگەڕێتەوە؛ بەڵام تا دوایی ساڵی ۱۹۷۰ هیچ توێژینەوەیەکی پێشەنگی کوردیمان لەم بارەیەوە نییە. لە سەرچاوە کوردییەکان،

و اشکال در دیدگاه و گفتمان کردی است. کردشناسی، گفتمانی غربی است که نمایانگر و نشان‌دهندۀ دیدگاه غرب بوده است، نه دیدگاه کردی یا شرقی.

**واژه‌گان کلیدی:** کردولوژی؛ فیلولوژی؛ شرق‌شناسی؛ نقد جدید؛ فرهنگ.

کوردۆلۆژی وەک گوتارێک لە خزمەت زمان و فەرهەنگی کوردی دەبیندرێت، ئەمەش وەک هەڵەیەک بۆ بێ‌ئەزموونی و بوونی گرفت و کێشە لە ڕوانین و گوتاری کوردی دەگەڕێتەوە. کوردۆلۆژی هەردەم گوتارێکی ڕۆژئاوایی بووە و نوێنەرایەتی ڕوانینی ڕۆژاوای کردووە، نەک ڕوانگەی کوردی، یان ڕۆژهەڵاتیی.

**وشەگەلی سەرەکی:** کوردۆلۆژی؛ فیلۆلۆژی؛ ڕۆژهەڵاتناسی؛ ڕەخنەی نوێ؛ فەرهەنگ.

## ۱- پێشەکی

کوردۆلۆژی بوارێکی توێژینەوەیی ڕۆژئاواییە لە بارەی کورد و لقێکە لە ڕۆژهەڵاتناسی. لە سەرچاوە ڕووسییەکان وەک نەریتێک بە بوارێکی توێژینەوە لە زمان و ئەدەب و ئیتنۆگرافی کوردی ناسراوە؛ بەڵام لەگەڵ سەدەی بیستەم کۆمەڵێک بواری تری وەک: مێژوو، ئەدەب، داب‌ونەریت، جوگرافیا، ئایین‌ناسی کوردی، خەت و دەستنووس و ئەلفبێی کوردی و بواری تری تێدەکەوێت، هەموو ئەمانەش لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارانەوە. هەر بەو شێوەیە کوردۆلۆژیش بەگشتی دەچێتە ناو هەمان بواری توێژینەوەی بەراوردی زمان و فەرهەنگ. دوای شەڕی دووەمی جیهانی توێژینەوە لە بارەی کورد و کوردستان لەو چێوە بەرتەسکە دەردەچێت و تەنیا ئەوانەی سەر بە قوتابخانە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتناسی بن، توێژینەوە لە بارەی کورد بکەن و درێژە بە ڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسییانەی خۆیان بدەن، یان ببنە کوردۆلۆگ، کۆتایی بەم مۆدێلە دێت و هەر ئەمەش کۆتایی گوتاری دامەزراوەییانەی کوردۆلۆژی ڕۆژهەڵاتناسییانەیە. لێرەوە توێژینەوە لە بارەی کورد وکوردستان بۆ ناو زانستگاکان دەگەڕێتەوە، لە چوارچێوەی بوارە زانستییەکان وەک: زمانناسی، بەراوردی فەرهەنگی بایەخی پێ‌دەدرێت. تێرمی کوردۆلۆژی ئەستێرەی دەکوژێتەوە. ئەم پاشەکشەیە هاوتەریبە لەگەڵ کۆتایی ڕۆژهەڵاتناسی هاوتای کۆلۆنیزاسیۆن و فۆرمەکانی تری، بوونی دەسەڵاتی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات و ئەفریقیا. کورد لە ناو فەرهەنگی ڕۆژئاوا

مێژوویەکی کۆنی هەیە. سەرەتاکانی ئەم مێژوویە بۆ سەردەمی کەونارای هێلینی یۆنانی تا سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی نوێ درێژ دەبنەوە. لە هەر سەردەمێک هەندێ سەرچاوە هەن باسی کوردییان کردبێت؛ بەڵام ئەم سەردەمە دوورانە ئامانجی ئێمە نین. ئامانجی بابەتی توێژینەوەی ئێمە کوردۆلۆژییە وەک گوتارێکی دامەزراوەییانەی ڕۆژئاوایی، باس لەو گوتارە دەکەین چۆن سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە و لەناوچووە. مەبەستیش لە ڕۆژئاوایی بە پلەی یەکەم کوردۆلۆژی ڕووسی، فرانسی، ئینگلیزی، ئەلمانی و ئیتالییە.

مێتۆدی توێژینەوەکەمان بەم جۆرەیە: لە هەنگاوی یەکەمدا، وەک پێشینەیەکی توێژینەوە، باس لە کوردۆلۆژی لە ڕوانگەی کورد خۆیەوە دەکەین. کورد چۆن لەم بابەتە گەیشتووە و تا ئێستە ڕوانین و خوێندنەوەی بۆ ئەم بابەتە چۆن بووە؟ ئەو سەرچاوە کوردییە سەرەکییانە هەڵدەسەنگێنین کە پێشەنگن. ئەمانەش ژمارەیان دیاریکراوە، دەشێ ڕوانینێکی گشتیمان پێشکەش بکەن. بێگومان کۆمەڵێک سەرچاوەی تر هەن، بە پلەی دووەم و سێیەم دێن. ئەمانە نابنە ماتریالی بابەتی ئێمە، لەبەر ئەوەی گەلێ زۆرن و ئاستێکی زانستییان نییە. ئەم پێشینەیەش وەک داواکارییەکی نوێی مێتۆدی توێژینەوەی نوێیە، یارمەتی ئەوەمان دەدا، سنوورێک لە نێوان ڕوانینی ڕابردووی کورد بۆ کوردۆلۆژی و ئەو گوتار و ڕوانینەی ئێمە پێشنیازی دەکەین، دابنێین. دەبێ ئەوەی ئێمە خۆی لە ڕابردوو دابڕێت و زیاتر ڕووی لە داهاتوو بێت و کۆمەڵێک پرسیار و ڕوانینی نوێ بخاتە ڕوو. لە هەنگاوی دووەم باس لە گوتار دەکەین، مەبەستمان لە گوتاری ڕۆژئاوایی چییە، پاشان وەک گوتارێکی دامەزراوەیی باس لە بنەچەی کوردۆلۆژی لە فەرهەنگی ڕۆژئاوا دەکەین کە بە چەند جۆرێک خۆی نمایان دەکات. ئێمە پێمان وایە کوردۆلۆژی بەرهەمی مۆدێرنیتێی - نوێیەتی ڕۆژئاوایە، دوای نەمانی کوردۆلۆژی بە شێوە نەریتییەکەی لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، توێژینەوە کوردییەکانی[1] وەک بەرهەمی پۆست مۆدێرنیتێ- پاش نوێیەتی لە

1. Kurdish study.

کۆتایی سەدەی بیستەم وەک جێگرەوەی کوردۆلۆژی سەرهەڵدەداتەوە.

## ٢- پێشینەی توێژینەوە

کێشەی تێگەیشتنی کورد لە کوردۆلۆژی پەیوەندی بە بوونی قەیران و گرفت لە ڕوانینی تیۆری و ڕەخنەیی خۆی بۆ بوارە زانستییەکانەوە هەیە. بێجگە لەمەش پەیوەندی بە نەبوونی ئەزموون و هەژاری لە مێتۆد و مێتۆدۆلۆژییەوە هەیە. ئەم هەڵکەوتە لە ناوەندە فەرهەنگییەکان بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت، لە زانینگەکان، لە ناوەندەکانی توێژینەوە، لە مێدیا و ڕۆژنامەوانیی کوردی، لە بواری ڕەخنە و هزری ڕەخنەیی، لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و هتد، نموونەیەکی دیار وەک خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆکانی باشووری کوردستانی بە ناوی وانەی: کوردۆلۆژی. ئەم ناوەندانە قەت ئەو پرسیارە تیۆریکەیان لە خۆیان نەکردووە، کوردۆلۆژی لە سەردەمێکی دیاریکراودا، بوارێکی خوێندنی ڕۆژئاوایی بووە، هەردەم بەشێک بووە لە ڕۆژهەڵاتناسی. هەموو کوردۆلۆگەکان ڕۆژهەڵاتناس بوونە؛ بەڵام هەموو ڕۆژهەڵاتناسێک کوردۆلۆگ نەبووە. بە پێچەوانەوە ئەم گرفتە وایکردووە بەو چەشنە لە کوردۆلۆژی بگەن، وەک بوارێکی فەرهەنگی کوردی لە خزمەتی مێژوو، ئەدەب و زمانی کوردی. قەت بیر لەوە نەکراوەتەوە ئەم بابەتە بەرهەمی ناوەندی فەرهەنگی کوردی نییە و لە بەرهەمهێنانی ئەویش نییە، بەڵکوو پێشتر بەپێی ستراتیژییەکی دامەزراوەی دەوڵەتیی و نادەوڵەتیی، بەتایبەتی دەوڵەتە مەزنەکانی وەک: ڕووسیا، فرانسا و ئینگلستان وەک بەشێک لە زانین و ناسین، یان مەعریفەی سەر بە بەرژەوەندی و گوتاری سیاسی و کولتووری ئەوان بایەخ بە کورد و زمانی کوردی دراوە.

زۆر درەنگ کورد، یان ناوەند و کەسایەتییە کوردەکان بەرانبەر بەم مەبەست و بەرژەوەندییەی ئەوانیتر، یان کورد لە ڕوانگەی بەرژەوەندی ئەوانیتر هوشیار بۆتەوە. ئەم ناهوشیارییە وایکردووە لەناو کورد، نەریتێکی نەرێنی، یان لێڵ و ناڕوون دروست بێت، لە ناوەوەش توانایەکی ئەوتۆی نەبێت، نەک هەر ئەوە، توانایەکی ئەوتۆی نەبێت، ئەو گوتار و پەخشانانەش بخوێنێتەوە کە ئەوان لە بارەی کوردەوە بەرهەمیان هێناوە. بێگومان

ئەمەش کۆمەڵێک خوێندنەوە هەڵدەگرێت، وەک پاشماوەی ئەم هەڵکەوتە فەرهەنگییە، سەرەڕای ژیانی کورد لەم سەردەمە نوێیە کە بە پۆست مۆدێرنیتێ لە قەڵەم دەدرێت، کەچی هێشتا کورد لەناو هەمان کێشەی نەناسینی ئەویتر دەژیت؛ بەڵام ئەم جارە کێشەکان ئاڵۆزتر بوونە و زیاتر وەک کێشەیەکی مێتۆدۆلۆژی و تیۆریکی و ناسینی خۆی و ناسینی ئەویتر دێتە بەرچاو. ئەمەش خەیاڵمان بۆ ئەوە دەباتەوە کە کورد لە ناسینی خۆی و جیهان نوێیە، نەتەوەیەکی لاوە، هێشتا نەیتوانیوە لەم بارەیەوە نەریتێک دامەزرێنێت، یان بەرەو گوتارێکی نوێ بچێت سەر بە ناسنامە و فەرهەنگی خۆی بێت، ئاراستەکەی بۆ ناوەوە بێت، نەک بۆ دەرەوە.

سەرەڕای بوونی کۆمەڵێک سەرچاوە و هەوڵ و چالاکی لە بارەی ناساندن و شیکردنەوەی کوردۆلۆژی و مێژووەکەی، کەچی ئەو گوتارەی لەم سەرچاوانە پێشکەش کراون، بەم ئاراستەیەی سەرەوە نەڕۆیشتوون، بەڵکوو هەموویان لەناو بازنەی کوردۆلۆژی ماونەتەوە، قەت هەوڵنەدراوە لە ڕوانگەی خۆبەناوەندزانی نەریتێک بۆ ڕوانینی کوردی، بۆ خۆی و بۆ ئەویتر دامەزرێنن، بەڵکوو هەردەم لەو سووچەوە سەیری خۆ و خودی کورد کراوە، وەک ئۆبژەیەک بێت، ماتریالێکی گوتاری ئەویتر بێت، خۆی لە پەراوێز و بچووک بینیبێت. لێرەوە ئێمە لەناو هەڵکەوتی هەمان ئەو گوتارەین کە ئێدوارد سەعید لە شیکارەکانی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتناسی دەیخاتە ڕوو، کە دەڵێت: «ڕۆژهەڵاتییەکان توانای نوێنەرایەتیکردنی خۆیان نییە، ئەوە ڕۆژئاوایە نوێنەرایەتییان دەکات. نەتەوە ڕۆژئاواییەکان هەر کە لەناو مێژوو سەرهەڵدەدەن، توانای خۆبەڕێوەبردنیان لێدەردەکەوێت، چونکە خەسڵەتی تایبەتی ئەمەیان هەیە. دەتوانن هەموو مێژووی ڕۆژهەڵاتییەکان بگەڕێن (...) پاشماوەیەکی ئەو خۆبەڕێوەبردنە نادۆزنەوە» (سەعید، ٢٠١٨: ٨٢).

ئەمە هەمان ئەو پەیوەندییەیە کە لە سەرەتای کوردۆلۆژییەوە تا نەمانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی دەردەکەوێت. سەرچاوە و ڕوانینی میللی و نامیللی کوردیش بە هەمان ئەم ئاراستەیەش دەڕۆن، کوردۆلۆژی بە خزمەتێکی بێهاوتای زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی دادەنێن. لێرەوە ئەو پرسیارە خۆی ڕەپێش دەخات: ئاخۆ ڕۆژئاواییەکان لە جیاتی کورد و

بۆ کورد کاریان کردووە؟ ئەگەر وایە بە چ ئامانجێک و بۆچی و لەبەرچی؟ بێگومان دیاردەیەکی لەم جۆرە قەت نەبووە. بوونی ئەم ڕوانینەش لەناو کورد، بۆ زۆر هۆ دەگەڕێتەوە کە زیاتر وەک تێنەگەیشتنێک دێتە بەرچاو. ئەمەش بوونی گرفتە لە بیر و ڕوانینی کورد. نەبوونی دامەزراوەی فەرهەنگی و زانستی متمانەداری کوردی و بەگشتی لاوازی توێژینەوە. بوونی ناسنامەیەکی پڕ لە گرفت و بەو چەشنە خۆ ناساندن و شتی تریش، بەڵام ئەو پرسیارەی وەک کورد دەبێت بیکەین ئەوەیە: ئێمە چۆن بتوانین سوود لەم سەرچاوانە وەرگرین؟ بۆ دەبێت هەردەم لە دەرەوەی گوتاری کوردۆلۆژی بمێنینەوە. لەبەر ئەوەی ئەم گوتارە بریتییە لە ڕوانینی ڕۆژئاوا بۆ کورد. ئەمەش ڕوانینێکە لە فەرهەنگێکی جیاوازەوە بۆ یەکێکی دی جیاواز لە خۆی. مێژووی کوردۆلۆژی لە کوردستان و ناسینی لەلایەن تاکی کورد زۆر کۆن نییە. وەک ئەنجامێکی سەردەمی نوێبوونەوەی زمانەوانی و ئەدەبی فەرهەنگی کوردییە، واتە سەر بە نوێبوونەوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە (۱۹۰۰-۱۹۵۰). ئەم نوێبوونەوەیە بە چەشنێک تا ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانیش درێژ دەبێتەوە. کورد بە شێنەیی سەردەمێک جێدەهێڵێت و پێ دەنێتە ناو سەردەمێکی دی. تا پێش حەفتاکانی سەدەی بیستەم سەرچاوەیەک نەبووە، لێرە بە دواوە چەند سەرچاوەیەکی پێشەنگمان هەیەو دەتوانن وێنایەکی گشتیمان لە بارەی کوردۆلۆژی و مێژووی کوردۆلۆژی پێشکەش بکەن. ئەمانەش چەند وتارێکن.

یەکەم وتار لەلایەن جەمال نەبەز-ەوە نووسراوە (کورتە مێژوویکی کوردناسی لە ئەلمانیادا. گۆڤاری *کۆڕی زانیاری کورد*، بەرگی ۲-۱ی ساڵی۱۹۷٤. بەغدا). ئەم وتارە زیاتر پانۆرامایەکی گشتییە لە بارەی کوردۆلۆژیی ئەلمانی، ئەو بە کوردناسی ناوی دێنێت و سەرچاوەکانی لێک جیا نەکردۆتەوە، بە تێکەڵی بەپێی کرۆنۆلۆژی باسیان دەکات. سەرەتا و گەشەسەندنیان دەخاتەڕوو. سەرچاوەکانیش جۆراوجۆرن، وەک: سەفەرنامە، ڕاپۆرت، وتار، هەندێکیان هەر لە سەرەتاوە وەک توێژینەوەی ئەو سەردەمە، بەو شێوەیەی هەبووە، باسیان دەکات، وێڕای پێشکەش کردنی هەندێ ڕوانینی کەسایەتییە ئەلمانەکان، بۆ نموونە، ڕوانینی فۆن مۆلتکە کە لە

سییەکانی سەدەی نۆزدەهەم ئەفسەر و ڕاهێنەری سوپای عوسمانی بوو. مۆلتکە بەشداری لەو هێرشانەی سوپای عوسمانی بۆ سەر میر محەمەدی رواندوز کردووە کە لە ساڵەکانی ١٨٣٦ بۆ ١٨٣٩ بوو. مۆلتکە وێنایەکی جوانی لەسەر کورد هەیە و باس لە ئازایەتی و دلێری و سوارچاکی جەنگاوەرانی کورد دەکات. باس لە هۆزە بڵاوەکانی کورد دەکات. ساڵی ١٨٤١ کتێبەکەی فۆن مۆلتکە[٢] بڵاوبۆتەوە.

دەیان سەرچاوەی تری ئەڵمانی هەن لە وتارەکەی جەمال نەبەز باسیان نەکراوە، لەوانە توێژینەوە زمانەوانییە بەراییەکان و دەقی گەڕیدەکان، وەک سەفەری کارستن نیبۆر لە ساڵی ١٧٦٠ بۆ ١٧٦٨، کە زۆر شت لەو سەردەمە دووره دەگێڕێتەوە. هەندێ سەرچاوەی تر هەبوون، دەبوایە زیاتر لە سەریان بگیرسێتەوە؛ بۆ نموونە، کتێبەکەی کارل مای (١٨٤٢-١٩١٢) بە ناوی *(کوردستانی کێوی)*. ئەم ناونیشانە بۆ خۆی ناونیشانێکی خەیاڵی و ڕۆژهەڵاتناسییانەیە. لەم ناونیشانە کوردستان زیاتر وەک نهێنی، یان شوێنێکی خەیاڵی و ئێگزۆتیک و پێش شارستانی وێنا کراوە. هەر ئەمەش لە بنچینەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیدا هەیە. سەرچاوەی دووەم توێژینەوەیەکی ئەورەحمانی حاجی مارفە بە ناوی (لە بارەی کوردناسییەوە لە ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت. گۆڤاری *کۆڕی زانیاری کورد*. ژمارە ٢-١ی ساڵی ١٩٧٤. بەغدا). ئەم وتارەش بە هەمان شێوە وەک پانۆرامایەکی گشتییە لە بارەی نزیکەی تەواوی ئەو سەرچاوانەی لە بارەی کوردن، هەر لە کۆنەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم. نووسەر بە تێکەڵاوی باس لە سەرچاوە ڕووسییەکان دەکات، ئەمانەش بریتین لە ڕاپۆرت، وتار، سەفەر و توێژینەوەی ئیتنۆگرافی لە بارەی ژیان و دابونەریتی کوردی، ئاواز و مێلۆدی کوردی.

سەرچاوەی تر کە هەر لە لایەن ئەورەحمانی حاجی مارفەوە نووسراوە، وتارێکە لە بارەی کۆمەڵە دەستنووسە کوردییەکانی ئەلێکساندەر ژابا بە ناوی (چەند وشەیەک دەربارەی کۆمەڵە دەستنووسە کوردییەکانی ئەلێکساندەر ژابا. گۆڤاری *بەیان*. ژمارە ١٠ بەغدا. ١٩٧٣). کوردۆلۆژی ڕووسی کەمتر لە

---

٢. لە بارەی دۆخ و ڕووداوەکانی تورکیا. لە ١٨٤١ لە بەرلین.

چاو سەرچاوە فرانسی و ئینگلیزی، تا ڕادەیەکیش ئەلمانییەکان سەفەرنامەی تێدایە. بێ‌گومان سەفەرنامەیەکی زۆری ڕووسی بۆ ڕۆژهەڵات هەیە؛ بەڵام سەفەرنامەی بە ناوودەنگی ڕووسی تایبەت بە کوردستان کەمترە و بگرە هەر نییە. لەم ڕووەوە دوو سەرچاوەی دەوڵەمەند بە زمانی عەرەبی هەن، لە بارەی گەریدە ڕووسییەکان و ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی زانیاری زۆر پێشکەش دەکەن. *(گەریدە ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*. لە نووسینی ب. م. دانتسیغ[3]. وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە بۆ عەرەبی د. مەعروف خەزنەدار. بەیروت. ۱۹۸۱)، هەروا کتێب *(مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی و توێژینەوە عەرەبی و کوردییەکان*. وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە بۆ عەرەبی د. مەعروف خەزنەدار. بڵاوکراوەی زانکۆی بەغدا. ۱۹۸۰). سەرچاوەیەکی دیکەی ئیتالیمان هەیە، زانیاری گرنگ پێشکەش دەکات، ئەویش نامیلکەیەکە لەلایەن میرێلا گالێتی-یەوە نووسراوە (میرێلا گالێتی ۱۹۸۷)، *کورد و کوردستان* لە نووسراوەی ئیتالییەکان، لە سەدەی سێزدەهەم بۆ نۆزدەهەمی زایینی. وەرگێڕانی لە ئیتالییەوە جاسم تۆفیق. پێداچوونەوەی سەلاح ڕێبوار. ستۆکهۆڵم).

لێرەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی مێتۆدی و تیۆریکی لەمەڕ بوارە زانستییەکان و جۆرەکانی دەق دەبینەوە. ئەمەش بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە دەقی سەفەرنامە و دەقی میسیۆنێرە ئایینییەکانەوە هەیە. ئاخۆ ئەم دەقانە بە سەرچاوەیەکی سەرەکیی کوردۆلۆژی دادەندرێن؟ ئەمە یەکێ لەو پرسیارانەیە کێشەیەک دەخاتەڕوو. وەک هەنگاوی یەکەم سەفەرنامە دەقێکە زیاتر هەڵکەوتی خەیاڵی هەیە و نابێتە سەرچاوەیەکی زانین و ناسین لە بنیاتنانی کوردۆلۆژی. لە مێژووی کوردۆلۆژی ڕووسیش وەک نەریتێکی تیۆری و کردەکی، دیاردەیەکی لەم جۆرە نییە، بەڵکوو سەرچاوەیەکە بەشداری لەو زانین و ناسینە دەکات. هەر لە سەرەتاشەوە کوردۆلۆژی ڕووسی بە توێژینەوە لە زمان و ئەدەب و ئیتنۆگرافی کوردی دەست پێ‌دەکات. لێرەوە لەناو ئەم ئیتنۆگرافییە دەشێ جێگەی سەفەرنامە و هەروا دەق و نووسینی میسیۆنێرە ئایینییەکانیش ببێتەوە. لەبەر ئەوەی سەفەرنامە دەشێ ماتریالی خوێندنەوە

3. B. M. Dantzig.

و ڕوانینـی ئەویـتر و ماتریـالی ئیتنۆگـرافی و فەرهەنگـی گشـتی تێدابێـت. پاشـان کوردۆلـۆژی ڕووسی هـەر لـە بنچینـەدا وەک داوا و پـڕۆژە، یـان بەشـێک بـووە لـە پـلانی ئیمپراتـۆری ڕووسی بـۆ ناسـینی کـورد. لـە چوارچێـوەی نەخشـە و سیاسـەتی وڵات بـۆ گەیشـتن و دەسـت بەسـەرداگرتنی خـاک و وڵاتـانی پشـت قەفقـاز. لەمەشـەوە دەردەکەوێـت زانیـن و ناسـین سـەرچاوەی یەکەمـی دەسـەڵاتە، واتـە هەمـوو ئـەم بوارانـە و ئەدەبیـاتی ئـەم بوارانـە بەشـێکن لـە کوردۆلـۆژی. یەکێـک لـەو سـەرچاوە و بیبلۆگرافییایانـەی لـە بـارەی کوردۆلۆژیـن لـە یەکێتـی سـۆڤییەت، توێژینەوەکـەی دکتـۆر محەمـەد موکرییـە بـە زمـانی فرانـسی بـە نـاوی: *(کوردۆلـۆژی و خوێنـدنی زمـانی کـوردی لـە یەکێتـی سۆڤییەت. پاریس. ١٩٦٣)*. نووسـەر بـە مێـژووی کوردۆلـۆژی کۆنـدا چۆتـەوە تـا سـەردەمی پیتـەر لێـرخ گەڕاوەتـەوە. بـەشی زۆری توێژینەوەکـە بیبلۆگرافییایـە لـە بـارەی ئـەو کار و توێژینـەوە زۆرانـە کـە ژمارەیـان ٢٦٩ وتـارن. هەموویـان لـە بـارەی زمـان و ئـەدەب و فەرهەنگـی کوردیـن. نووسـەر کوردۆلـۆژی بـە بەشـێک لـە توێژینـەوە و بـواری ئێرانناسی سـۆڤییەتی لـە قەڵـەم دەدا. ئامارێکـی نموونەییـمان لـەم ڕووەوە پێشـکەش دەکات. ئـەو پێگـە و بایەخـە دەخاتـەڕوو کـە کوردۆلـۆژی لـەو سـەردەمە هەیبـووە. پاشـان ئەمـەش لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهەمـەوە لەگـەڵ کارەکانی پیتـەر لێرخـەوە دەسـت پێدەکـەن، تـا دەگاتـە کارەکانی بازیـل نیکیتیـن و مینۆرسـکی و تۆمابـوا لـە سـەدەی بیسـتەم، کـە لـە پێشـەنگانی سـەردەمی بووژانـەوەی کوردۆلۆژیـن.

«کوردۆلـۆژی سـۆڤییەتی میـراتی ڕاسـتەوخۆی کوردۆلـۆژی ڕووسی پێـش شۆڕشـە کـە بێگومـان بوارێکـی بێهاوتـا بـووە لـە جیهـان. بـە پشتبەسـتن بـەو بیبلۆگرافییایـەی (ڕۆسـتۆپچین)[4] پێشـکەشی کـردووە، لەسـەر ٧٣٢ ناونیشـانی وتـار و توێژینـەوە کـە هەموویـان لـە بـارەی کوردۆلۆژیـن: ٢٧٠ سـەرچاوە لەلایـەن ڕووسـەکان نـووسراوە، ١٨٢ لەلایـەن ئینگلیـزەکان، ١٣٢ لەلایـەن فرانسییەکان، بەرانبـەر بـە ١٣٢ لـە لایـەن ئەلمانـەکان نـووسراون. هـەر ئەوەنـدە هەموو شتێکە نـاوی هەنـدێ لـەو کوردۆلۆگانـە بهێنیـن کـە دامەزرێنـەری ئـەم بـوارەن، وەک:

---

4. Rostopchine.

پیتەر لێرخ، ژابا، ئێگیازارۆڤ، ئابۆڤیان، مارِ و هتد. ئەمانە بنچینەی زانستی زمانەوانی کوردییان دارِشتووە. کوردۆلۆگە سۆڤییەتییەکانیش لە لایەن خۆیانەوە چەندین سەرچاوە و بیبلۆگرافییای شیکارییان بۆ کارەکانی پێش خۆیان نووسیوە، هەوڵی ئەوانیان لەبەرچاو گرتووە، وەک ئەوانەی لەلایەن رۆستۆپچین، رودێنکۆ و کوردۆییێڤ نووسراون» (موکری، ۱۹٦۳: ٥۱٦).

لە سەرچاوە پێشەنگەکانی دی، وتارێکی ئەورەحمانی حاجی مارف-ە بە ناوی: (بە زمانی رووسی چی لە بارەی زمانی کوردی-یەوە نووسراوە. گۆڤاری *کۆرِی زانیاری عێراق*- دەستەی کورد. ژمارە ۱٦و ۱۷ ساڵی ۱۹۸۷. بەغدا). ئەم سەرچاوەیە زیاتر بریتییە لە بیبلۆگرافییایەک لە بارەی ۱۳٦ سەرچاوەی رووسی لەسەر زمانی کوردی. لەگەڵ سەرچاوەی پێشوو زۆر خاڵی هاوبەشییان هەیە. توێژینەوەی سێیەم لەلایەن قەناتی کوردۆ-وە لە بارەی کار و نووسراوەکانی پیتەر لێرخ (۱۸۲۸-۱۸۸٤) نووسراوە کە بە رای ئەوان لەناو کوردۆلۆگە رووسەکان لە سەدەی نۆزدەهەم لە هەمووان گرنگترە. لێرخ خاوەنی سێ کتێبە لە بارەی کورد.[٥] ئەو کارانەش کە لەلایەن ئەلێکساندە ژابا و یوستی و سۆسا-یش لە بارەی زمان و ئەدەبی کوردین بە سەرپەرشتی ئەو بووە. زۆربەیان بە زمانی فرانسی چاپ و بڵاوبوونەتەوە. لەوانە فەرهەنگە کوردی -فرانسییەکەی ژابا[٦]، کتێبی *رێزمانی کوردی* یوستی[۷] و هتد. لەو سەرچاوانەش کە بایەخی زۆریان هەیە، وتارێکی قەناتی کوردۆ-یە لە بارەی ئۆربیللی (ئی. ئا. ئۆربیللی و کوردناسی. گۆڤاری *کۆرِی زانیاری کورد*. ژمارە ۳-۲ی ساڵی ۱۹۷٦. بەغدا). ئەم وتارە نوێشکێکی گشتییە لە بارەی تەواوی کارەکانی ئۆربیللی و شوێنی ئەو لەناو کوردناسی رووسی سەردەمی یەکێتی سۆڤییەت. لەو سەرچاوە پێشەنگانەی تر کە بایەخێکی زۆریان بۆ زمان و ئەدەب و ئایینناسی و زۆر بواری دیکە هەیە، کتێبی: چەند وتارێکی

---

٥. لێکۆڵینەوە لە بارەی کوردەکانی ئێرانەوە. پێترسبۆرگ. ۱۸٥٦، ۱۸٥۷. ۱۸٥۸.

6. Jaba. A. *Dictionnaire kurde-français.*

7, Jus̆ti. F. *Kurdische Grammatik*

کوردناسی ڕووسییە[8] لەلایەن کوردۆلۆگە ڕووسەکانی سەردەمی یەکێتی سۆڤییەت نووسراون، وەک ئۆربیللی و موسەیلیان و ڕۆدینکۆ و زۆری تر.

لەو سەرچاوانەی بە ڕوانینی ڕەخنەگرانەوە نووسراون و نووسەر هەوڵدەدا سەرچاوەکان لە ڕوانگەیەکی کوردی بخوێنێتەوە، وتارێکی مەسعود محەمەد-ـە. ئەم وتارە پێشتر وەک پێشەکی بۆ کتێبی (*بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا*، کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا. ١٩٧٤) بڵاوبۆتەوە. دواتر ئەم سەرچاوەیە لە درێژەی چاپکردنی سەرجەمی بەرهەمی ئەو لە کتێبی (*شکۆی ئەدەب*، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر. ٢٠٢١. هەولێر). جارێکی تر بڵاوکراوەتەوە. مەسعود محەمەد لە هەڵسەنگاندنی ئەم سەرچاوانە چەند هەنگاوێک زیاتر لە نووسەرەکانییان چۆتە پێشەوە. لە ڕوانینەکانی هەست بە خۆبەناوەندکردن و خۆنەخستنە پەراوێز، باس لەو سەرچاوانە دەکات؛ بەڵام بە شێوازێکی مەجازی و نەریتییانە ڕوانینەکانی خۆی دەخاتەڕوو: «کە بەرەنگاری دڕندەیێک بوویت و چەکی خۆپاراستن و ڕاوکردنت دەست و ددانت بوون، ڕەنگە خۆت ببیتە نێچیر، خۆ ئەگەر تیروکەمانێک وەیا شیر و ڕمێکت پێ بوو، ئەوسا تەرازووی بەخت ڕوو لە گۆڕان دەکات» (محەمەد، ٢٠٢١: ٤٨). لەم ڕوانینە وادێتە بەرچاو کورد خاوەن تیر و کەمان (کەوان) نییە. ئەمەش بەو مانایە دێ کورد خاوەن گوتار نییە، خاوەن دەنگی خۆی نییە، بەڵکوو ئەوە ڕۆژئاوایە خاوەن تیر و کەمانە، واتە خاوەن گوتاری کوردە. کورد لێرە ئۆبژەیە، مادەیە، ڕوانینی بۆ خۆی نییە، بەڵکوو ئەوانیتر ڕوانینیان بۆ کورد هەیە؛ بەڵام ئەو پێی وایە لەگەڵ ئەمەش شارەزایەکی کورد، باشتر کورد دەناسێت لە شارەزایەکی ئۆروپایی. ئەمەش بنیاتنان، یان زەمینەسازییە بۆ دانانی گوتاری کوردی کە مەسعود محەمەد لە هەر کوردێکی دی جیا دەکاتەوە. ئەو دەچێتە دەرەوەی بازنە و گوتاری کوردۆلۆژی: «من دەڵێم بەڵەدێکی ئەورووپایی لە زمانی کوردی و مێژووی کورد و نەریت و ئاداب و ئایینی کورد هەرگیز ناگاتە پایەی بەڵەدێکی کورد لەو مەیدانەدا»

---

٨. چەند *وتارێکی کوردناسی*. وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە، ئەنوەر قادر محەمەد. سەردەم. سلێمانی ٢٠٠٤.

(محەمەد، ۲۰۲۱: ٦٢).

سەرچاوەی نوێی دی لە بارەی کوردۆلۆژی و ڕۆژهەڵاتناسی و سەفەرنامە ئینگلیزییەکان، چەند وتار و توێژینەوەیەکی بەختیار سەجادی-یە. ئەم کارانە بە ئاراستەی ناوەڕۆکی توێژینەوەی بەردەستە. نووسەر لە ڕوانگەیەکی نوێ و ڕەخنەییەوە دەڕوانێتە کوردۆلۆژی و بە گوتارێکی دامەزراوە ڕۆژئاواییەکانی دادەنێت کە لە سەدەی حەڤدەهەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم وەک گوتارێکی مۆدێرنیتێی - نوێیەتی ڕۆژئاوایی لە چوارچێوەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی هاتووە. یەکەم وتاری ئەو بابەتێکە بە ناوی (زمان و وێژەی کوردی پاش٦٠ ساڵ ژیانی ئاکادیمیک: پێویستی گۆڕانکاریی پارادیگماتیک. سنە. ۱۳۹۸). نووسەر باس لە مێژوویەک بۆ خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی لە دەرەوەی کوردستان دەکات، بەتایبەتی لە ڕووسیا کە بە ڕای ئەویش ڕووسەکان پێشەنگانی دامەزرێنەری کوردۆلۆژین. نووسەر بەو ئاراستەیە دەڕوانێ کە کوردۆلۆژی گوتارێکی ڕۆژهەڵاتناسییانەیە: «زاراوەی کوردۆلۆژی هەڵگری چەندین کەمایەسی زەقوزۆپە و بۆ خۆی باشترین نموونەیە بۆ دەرخستنی شێوە ڕوانینی سوژەی عەقڵانیخواز و خۆ بە ناوەندزانی گوتاری باڵادەست بۆ ئۆبژە و بابەتێکی یەکدەست و گشتی و بێگیان بە ناوی کورد» (سەجادی، ۱۳۹۸: ۷). لە توێژینەوەیەکی دی کە لە بنچینەدا بە فارسی نووسراوە (بەختیار سەجادی، (۲۰۲۰)[۹] ، لەم وتارە نووسەر لە ڕوانگەی تیۆری و ڕەخنەیی پۆست کۆلۆنیالیالی هۆمی بابا خوێندنەوەیەک بۆ سەفەرنامەکەی کلۆدیوس جیمز ڕیچ دەکات، چۆن لە گوتاری ئەم گەڕیدە ئینگلیزییە کورد وەک سوژەیەکی بچووک و پەراوێزکەوتە دەردەکەوێت، یان چۆن جیاوازیی فەرهەنگی دەبێتە شێوازێک بۆ بچووککردنەوە و بچووک دانانی ئەویتر، لێرەوە ئەویتر ڕۆژهەڵاتی و کوردە، بەرانبەر بە (من)ی ڕۆژئاوایی کە ناوەندە.

لە تەواوی سەفەرنامە ڕۆژئاواییەکان ئەم ڕوانینە کلێشەیی و ئامادەیە

---

۹. خوانش پسااستعماری بازنمایی کردها در گفتمان شرق شناسانه: مورد مطالعاتی سفرنامه کلودیوس جیمز ریچ.

هەیە کە جیاوازیی فەرهەنگی دەکەنە هۆکارێک بۆ بچووککردنەوەی کورد و ڕۆژهەڵاتی، کەمکردنەوە لە نرخی مرۆییان. کوردۆلۆژیش لەم گوتارە وەک لقێک لە ڕۆژهەڵاتناسی هەمان هەڵکەوت و خوێندنەوەی بۆ کورد هەیە. نووسەر هێشتا لەو پێشەکییەی بۆ چاپی دووەمی کتێبی *ڕۆژهەڵاتناسی* نووسیویەتی[١٠] درێژەی بە قووڵکردنەوەی ڕوانینەکانی داوە.

## ٣- زاراوەی کوردۆلۆژی

مێژووی ئەم زاراوەیە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. زیاتر لەگەڵ سەردەمی بووژانەوەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی سەری هەڵداوە. تا ئێستە بە زۆر شێوە دەنووسرێت و گۆ دەکرێت، وەک: کوردۆلۆژی، کوردۆلۆجی، کوردۆلۆجیا، کوردەلەجی، کوردۆلۆگی، کوردۆلۆگیا، بەرانبەرەکەشی بە کوردناسی داندراوە. بۆ یەکەمین جار ئەم زاراوەیە لەلایەن دکتۆر عەبدوللا جەودەتەوە لە وتارێک بە ناوی: ئیتیحاد یۆلی بە زمانی عوسمانی لە گۆڤاری *ڕۆژی کورد* ژ.٢ ساڵی ١٩١٣. ل: ٨. بڵاوبۆتەوە.[١١] پاشان لەلایەن جەلادەت بەدرخان لە گۆڤاری *هاوار* لە وتارێک بە ناونیشانی (کورد و کوردستان ب چاڤێ بیانیان) لە ژمارەکانی ٢٢ و ٢٣ و ٢٤ ساڵی ١٩٣٤ بڵاوبۆتەوە.

جەمال نەبەز لە وتارە پێشەنگەکەی لە بارەی ئەم زاراوەیە دەدوێت؛ بەڵام باس لە مێژووی پەیدابوونی لە زمانانی ڕۆژئاوایی بەتایبەتی زمانی ئەلمانی، پاشان لە زمانی کوردی ناکات. هەوڵیداوە زاراوەی کوردۆلۆژی[١٢] بۆ کوردی وەرگێڕێت. بەرانبەر بە کوردۆلۆژی ئەلمانی پێشنیازی کوردۆلۆگی

---

١٠. ئێدوارد سەعید (٢٠٢٣). *ڕۆژهەڵاتناسی*. وەرگێڕانی لە فرانسی و ئینگلیزییەوە: موحسین ئەحمەد عومەر. پێشەکی: بەختیار سەجادی. چاپی دووەم. هەولێر. دەزگای فام.

١١. خەزنەدار، جەمال (١٩٨١). *ڕۆژی کورد*. زنجیرەی ژیاندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی ژ.

12. Kurdologie.

کـردووە، بەرانبـەر بـە کوردۆلۆجـی [13]ئینگلیـزی کـە هەمـان شـتە و هاوواتـای ئەلمانییەکەیـە، پێشـنیازی کوردۆلەجـی کـردووە، ئەمـەشی بـە کـوردەوانی لەسـەر ڕیتمـی زمانـەوانی وەرگێـڕاوە. پاشـان بەرانبـەر بـە زاراوەی:کوردنکوندە-ی [14]ئەلمـانی کـە بـە مانـای «هونـەری ناسـینی کـورد» دێـت، پێشـنیازی زاراوەی کوردنـاسی کـردووە. لـەو بڕوایەشـدام هـەر ئـەو خـۆی یەکـەم کـەس بـووە هاوواتای«کوردنـاسی» بەرانبـەر بـە زاراوەی کوردۆلـۆژی بەکارهێنـاوە. پێشـتر ئـەم زاراوەیـە نەبـووە؛ بـەڵام ئاخـۆ جیـاوازی لـە نێـوان کوردۆلـۆژی و کوردنـاسی چییـە؟ لەوانەیـە جەمـال نەبـەز لـە پێشـنیازی زاراوەی کوردنـاسی مەبەسـتی ئـەوە بووبێـت، زاراوەیـەک داڕێژێـت بەسـەر هەمـوو ئـەو کێشـە تیۆریکانـە بـاز بـدا و جیاوازیـی لـە نێـوان سـەرچاوەکان نـەکات کـە زۆر و جۆربەجـۆرن. ئاخـۆ جەمـال نەبـەز بەرانبـەر بـەم ڕوانینـە تیۆریکـە هەسـتیار بـووە؟ ئەمەیـان هێشـتا ڕوون نییـە؛ بـەڵام ئاخـۆ کوردۆلۆژیـش بـە هەمـان ئاسـت هاوواتـای کوردناسـییە، یـان دەبێـت کوردۆلـۆژی تایبـەت بێـت بـە زمـان و ئـەدەبی کـوردی و هەنـدێ لایـەنی فەرهەنگـی دیاریکـراو، وەک ئیتنۆگـرافی، وەک چـۆن لـە سـەرەتاکانەوە بـەم جـۆرە وەک نەریتێـک هاتـووە.

لێـرەوە دیسـان هـەر لـە بـارەی کێشـەی تیـۆری و دەقـەکان ئـەو پرسـیارە دەکرێـت، ئێمـە چـۆن بتوانیـن سـەرچاوە فیلیلۆژییـەکان کـە زیاتـر و بـە پلـەی یەکـەم لـە بـارەی زمـان و ڕێزمـانی کوردیـن، لـە یـەک ئاسـت لەگـەڵ سـەفەرنامە و بابەتـە مێژوویـی و ئیتنۆگرافـی و دەقـە ئایینناسـییەکان دابنێیـن؟ ئاخـۆ تەنیـا ئـەو سـەرچاوانەی لـە بـارەی زمـان و ئـەدەب و مێـژووی ئـەدەبی کـوردی، ژیـانی فەرهەنگـی، تێکسـتە کوردییـە کۆنـەکان، دەستنووسـە کوردییـەکان، بەیـت و فۆلکلـۆری کـوردی، فەرهەنگـەکان وەک ئـەوەی ژابـا و هتـد، هـەر تەنیـا ئەمانـە بابـەتی کوردۆلۆژیـن؟، یـان کوردۆلـۆژی هاوواتـای تـەواوی کوردناسـییە و ئـەم زاراوەیـە هەمـوو جیهـانی کـوردی دەگرێتـەوە. لـەو بڕوایـەدام زاراوەی کوردۆلـۆژی بەرهەمـی بیـر و خەبـاتی بـواری فیلۆلۆژییـە، سـەر بـە توێژینـەوە

13. Kuirdology

14. kurdenkunde.

زمانەوانییـە کۆنـەکان و سـەرەتاکانی ڕۆژهەڵاتناسـییە، وەک ئـەو کارانـەی سیلڤێسـتر دوسـاسی بـۆ عـەرەبی و فـارسی، ئەرنسـت ڕێنـان بـۆ فیلۆلـۆژی و زمـانی سامی کـۆن کردوویـەتی. کوردۆلۆگـە ڕووس و ئەلمـان و فرانسـی و ئیتـالی و ئینگلیزەکانیـش بـۆ کـورد کردوویانـە. ئەمانـەش کۆمەڵێـک سـەرچاوەی زۆرن. فیلۆلۆژیـش لەگـەڵ توێژینـەوە نوێیـەکانی زماننـاسی نـوێ، بەتایبـەتی ئـەو وەرچەرخانـەی فێردیناند دوسۆسـور لـە زماننـاسی کـردی، کۆتایـی بـە فیلۆلـۆژی و توێژینـەوە زمانناسـییە کۆنـەکان هێنـا. لـەو بڕوایـەدام کوردۆلۆژیـش ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ ئـەم بـوارە کۆتایـی هاتـووە؛ بـەڵام ئـەم کۆتایـی هاتنـە کەمێکـی تـر درێژبۆتـەوە، تـا ڕاسـتەوخۆ دوای شـەڕی دووەمـی جیهـانی بـە تـەواوی ئـاوا دەبێـت.

لـە ڕوانگـەی سـەجادییەوە زاراوەی کوردۆلـۆژی «نموونەیەکـە بـۆ دەرخسـتنی ڕوانینـی سوژەی عەقڵانیخـواز و خۆبەناوەنـدزانی ڕۆژئاوایـی بـۆ ئۆبـژە و بابەتێکی یەکدەسـت و گشـتی و بێگیـان بـە نـاوی کـورد.(...) ئـەم زاراوەیـە پیشـاندەری گشـتبێژی و دەسـەڵاتخوازی و چشـتسـازیی گوتـاری پۆسـت کۆلۆنیالیـی سـەدەکانی سـەردەمی مۆدێـرن بـوو، واتـە لـە سـەدەی حەڤدەهەمـەوە بـۆ ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـت.(...) بەکارهێنـانی ئـەم زاراوەیـە لەلایـەن سـوژەی ڕۆژئاواییـەوە دەرخـەری ئـەو ڕووبەڕووبوونەوەیـە بـوو لـە سـەردەمی کلاسـیکی کۆلۆنیالیزمـدا بـۆ نەتـەوە و ئەتنیکـەی نارۆژئاواییـەکان وەک ئۆبژەیـەک بەکارئەهێنرا»(سـەجادی، ٢٠٢٣ :٦)، کەوایـە کوردۆلـۆژی گوتـار و بوارێکـی توێژینـەوەی ڕۆژئاواییـە لـە بـارەی کـورد و بەشـێکە لـە ڕۆژهەڵاتنـاسی، کـورد ئۆبـژە و ماتریـالی ڕوانیـن و بیـری ڕۆژئاواییـە و تایبەتمەنـدی مۆدێرنیتێـی ئـەوە، نـەک هـی کـورد.

## ٤- مەبەست لە گوتاری کوردۆلۆژی چییە؟

لێـرەوە مەبەسـت لـە گوتـار هەمـوو ئـەو ڕوانینـە تیـۆری و کردەکییانەیـە وەک بزووتنـەوە، یـان ئاراسـتەیەکی فیکـری لـە شـێوەی تۆڕێـک لـە ئایدیـا و فەلسـەفە و ڕوانیـن دەردەکەوێـت. وەک دەگوترێـت گوتـاری مارکسـیزم، یـان لیبرالیـزم. گوتـار جۆرێکـی پەیوەندییـە بـە دەق و بـە زارەکـی، یـان وەک

فرەنیشـانە[۱۵] دەردەکەوێـت. بـەم مانـا نوێیـە گوتـار هـزر و بیـر و ڕوانینـە. لـە هەڵکـەوتی کوردۆلـۆژی، چۆنیـەتی بینیـن و خوێندنـەوەی ئەویـترە، ئەویـتری کـەس و کەسـایەتی جیـاواز، ئەویـتری شارسـتانی و کۆمەڵـی جیـاواز. دەشـێ کـورد لـە ڕابـردووی دوور و نزیکـی خـۆی زیاتـر زاراوە و چەمکـی خیتـابی بـە مانـا ئەریسـتۆییەکەی، واتـە بـە مانـا کلاسـیکییەکەی بەکارهێنابێـت کـە بـە زۆر مانـا دێـت، وەک: ڕەوانبێـژی، ڕوونبێـژی، وشـە و دەربڕینـی جـوان و کاریگـەر، هونـەری قسـەکردن و ڕەوانی لـە دەربڕیـن و شـێوازی گوتـن. لـە زمـانی کـوردی وشـەی گوتـار لـە کۆنـدا زیاتـر هاوواتـای وتـار بـوو، ئـەو وتـارەی دەنووسرێـت و دەخوێندرێتـەوە؛ بـەڵام لـەم سـاڵانەی دوایـی ئـەم دوو زاراوەیـە لەسـەر مانـای دیاریکـراو جێگربوونـە. وتـار بەرانبـەر بـە فۆرمێکـی نووسـین، وەک وتـاری ئەدەبی و ڕەخنەیـی، بـەڵام مەبەسـت لـە گوتـار (الخطـاب- گفتـمان)[۱۶] سیسـتەمێکی هـزر و ڕوانینـە.

«زاراوەی گوتـار لـە زاراوەی لاتینـی گوتـار، یـان گوتاردان[۱۷]-ـەوە هاتـووە، بـە مانـای ئـەم سـەر و ئەوسـەر کـردن دێـت.[۱۸] ئەمـەش بنچینـەی ڕاسـتەوخۆی زمانەوانـی ئـەم زاراوەیـە نییـە. لـە کۆتایـی سـەردەمی لاتینـی زاراوەی گوتـار[۱۹] فۆرمـی: دیسـکورس[۲۰] وەردەگرێـت. سـەرەتا وەک ڕێڕەوێکـی نادڵنیـای گفتوگۆ و دیالـۆگ وایـە، پێـش ئـەوەی هەمـوو شـتێکی گوتـراو و نـووسراو سـەرلەنوێ فۆرمی دیکـەی نـوێ وەربگرێـت. گوتـاری (یـان جوانـتر ڕەوانبێـژی، یـان ڕوونبێـژی[۲۱] - لۆگـۆس)ی یۆنـانی لەگـەڵ گوتـاری لاتینـی (ئۆراتیـۆ) تێکـەڵ دەبـن، دواتـر بـۆ ئێمـە دەبنـە ڕەوانبێـژی، یـان ڕوونبێـژی گوتـار » (نوریسـیێ، ۱۹۹۷: ۱۹۱). لـە

15. Pluri sémiotique.
16. Discours
17. Discourir
18. Courir çà et là.
19. Discoursus
20. Discourse.
21. Rhétorique

هونەری گوتار بە مانا کلاسیکییەکەی: گوتار[٢٢]، یان ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی[٢٣]، هەر تەنیا ڕێگایەکی بیر و بیرکردنەوە نییە، بەڵکوو پڕۆسەی گوتاردان و گوێگرتن و خوێندنەوەیە، واتە گوتار بریتییە لە کردەیەک بەرانبەر بە هۆکارێک، ئەمەش هەر ئەو گوتارەیە کە مێژووەکەی تا ئەریستۆ و پێش ئەویش درێژ دەبێتەوە، بە مانای ئاڕاستە و ڕوانینی بیر و گەیاندنی کاریگەری دێت. ڕوانین و کاریگەری ئەویتر لەسەر من «خۆم»، هی من لەسەر ئەویتر، واتە ڕوانین، ئاراستە، خوێندنەوە و بۆچوون و لێکدانەوە و کاریگەری. گوتار هەموو ئەم ئاستانە وەک تۆڕێک لەخۆ دەگرێت.

«مێژووی ئەم زاراوەیە هاوتایە لەگەڵ مێژووی بیر و بیرکردنەوە، لە سەدەی حەڤدەهەم وەک سەدەیەکی سازگاربوونی زمان و بیرکردنەوە لە پڕۆسەی نوێنەرایتیکردن، وا لە دێکارت دەکات، گوتارێک لە بارەی مێتۆد بنووسێت، هەڵبەت بە مانای ڕێڕەوێکی ڕێکخراو، ئاوەڵناوی گوتارانە[٢٤] تا ئەمڕۆش هەر ئەو مانایەی هەڵگرتووە. گوتار هەر تەنیا ڕێگایەکی دەربڕینی هزر و بیر نییە، بەڵکوو هەردەم ئامادەگییەکی ئۆتۆنۆمی هەیە و هەردەم هەیە و لە ئارادایە، لە قسەکەرێکەوە بۆ گوێگرێک و بۆ خوێنەرێک، کردەیەکە ئامانج لێی گەیاندنی کاریگەرییە، هەر لە سەردەمی سۆفیستەکانیشەوە ئەم کاریگەرییە هەر هەیە» (نوریسیێ، ١٩٩٧: ١٩١).

ئەوەی لەم ناساندنە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە زیاتر دێت، بابەتی گەیاندنی کاریگەرییە بە شێوازی جیاجیا و فۆرم و ڕێگای جیاجیا. گوتار بەو شێوەیەی میشێل فوکۆ-ش باسی دەکات و لێکی دەداتەوە، گوتار بریتییە لە تۆڕێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی، کە هەموو گوتارێک ئاراستەیەک لە دەسەڵات و کۆنترۆڵ و مەترسی ڕەپێش دەخات. فوکۆ دەڵێت: «وا گریمان دەکەم بەرهەمهێنانی گوتار لە کۆمەڵێکی دیاریکراو لە هەمان وەخت بەرهەمهێنانی چاودێر، یان هەڵبژێردراوێکی

22. Rhétorique de Discours
23. Rhétorique
24. Discursif

ڕێک و سەرلەنوێ دابەش کراوەوە بێت، لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕێوشوێن کە ڕۆڵی بریتی دەبێت لە دیاری کردنی دەسەڵات و مەترسیی و کۆنترۆڵ کردنی شیمانەی ڕوودانی و شاردنەوەی هەڵکەوتی ماتریالە قورس و تۆقێنەرەکەی» (ئەلرویلی، ۲۰۰۵: ۱٥٦). فوکۆ لە کتێبی: *ڕەوشی گوتار*[25] زیاتر بایەخی بەم لایەنە داوە و گوتاری بە وردی ناساندووە. فوکۆ لەم ڕووەوە باس لەو بەربەست و ڕێگریانە دەکات هەر کۆمەڵێک بەرهەمی دەهێنێت، ئەو لە کتێبی (وشە و شتەکان)[26] بە کۆدی فەرهەنگییان دادەنێت. ئەمانەش ئەو ڕێسا کاریگەرانە دەگرنەوە کە بە شێوەیەکی نائاگاییانە کار لە پرۆسەی گەشەی کۆمەڵ و بەرهەمهێنانە فەرهەنگییەکان و هی دیکە دەکەن. لە لای فوکۆ گوتار و سیستەمی گوتار یەک شتن و پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، ئەمەش ڕۆڵی بە ئاگای لە دەسەڵات و کاریگەری لە بوارێکی فەرهەنگی، یان پیشەیی هەیە.

لە هەموو ئەو نووسەرانەی زیاتر سوودیان لەم گوتارە بەو شێوازە وەرگرتووە، ئێدوارد سەعیدە، بەتایبەتی لە کتێبی: ڕۆژهەڵاتناسی. لەلای سەعید گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی، گوتاری دەسەڵاتی ڕۆژئاوایە لەسەر ڕۆژهەڵات: «پەیوەندی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، پەیوەندییەکە لەسەر بنچینەی دەسەڵات و باڵادەستی» (سەعید، ۲۰۱۸: ۳٥). گوتار وەک ڕایەڵێکی بیر و ڕوانین لە شێوەی تۆڕێک لەو پەیوەندییە هەیە کە لە نێوان ڕۆژئاوا و کورد هەیە: «لەو بڕوایەدام بێتێگەیشتن لە گوتار، مرۆ ناتوانێت لەو بوارە ڕێکخراوە بگات کە بە شێوەیەکی زۆر باڵا ڕێکخراوە کە ئۆروپا توانیویەتی بەسەر ڕۆژهەڵات دەسەڵاتی هەبێت و بەرهەمی بهێنێت و لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، سوپایی، ئیدیۆلۆژی، زانستی و خەیاڵی لە دوای سەردەمی بووژانەوە ئیدارەی بکات و هەڵیسووڕێنێت» (ئەلرویلی، ۲۰۰۵: ۱٥٦).

بێجگە لەو پێشکەوتنانەی ڕۆژئاوا پێی گەیشتووە کە بۆتە هۆی بەرهەمهێنەری گوتار، لە هەمان کات سەرەڕای گەشەسەندنی زانستی و

---

25. Foucault. 2001. L'ordre du Discours. Gallimard.

26. Les mots et les choses.

فەرهەنگییە مەزنەکانی ڕۆژئاوا، بوونی هەڵکەوتی دادپەروەری و ئازادی، بۆ خۆیان ئاستێکی دیکەی پێشکەوتنن. «هەندێ ڕووداوی مێژوویی لە سەردەمی نوێ ڕۆڵی لە گەشەپێدانی سیاسی و فیکری هەبووە، ئەمەش وەک زەمینەیەکن بۆ گوتار؛ بۆ نموونە، وەک شۆڕشی قوتابیان لە ساڵی ١٩٦٨، کە بووە دینامیزمی بەرهەمهێنانی فیکری فوکۆ و هاوسەردەمەکانی وەک سارتر و ئەلتۆسێر و دێریدا و دولوز» (ئەلرویلی، ٢٠٠٥: ١٥٦)، بەڵام بەگشتی لە هەموو فەرهەنگێک زۆر بواری دیاریکراو هەن، وەک سیاسەت، ئایین، سێکس، جێندەر و زۆری تر خاوەن گوتاری تایبەت بە خۆیانن. لێرەوە سەبارەت بە کوردۆلۆژی، مەبەستمان لە گوتار ئەو ڕوانین و ئاراستە و بیرەیە کە خاوەن دەسەڵاتە و دەتوانێت کاریگەری لەسەر کۆمەڵ هەبێت. لەمەشەوە بۆ ئەوە دەچین کوردۆلۆژی بریتییە لە گوتارێک، یان تۆڕێک لە گوتار، یان وەک فوکۆ دەڵێت: سیستەمێک لە گوتاری ڕۆژئاوایی، ئەم سیستەمە گوتارییە، خۆی لە بوارێک، یان دیسیپلینێک دەدۆزێتەوە، بریتیە لە بوون و بنیاتنانی چنینێک لە ئایدیا و بۆچوون، یان دارشتن و زەمینەسازی بۆ بوارێکی فەرهەنگی کە لە بنچینەدا نوێنەرایەتی کردنی ئەویترە. ڕوانین و خوێندنەوەی ئەویتری بەدەسەڵاتە، بۆ ئەویتری ڕۆژهەڵاتی بێدەسەڵات، ئەویتری کورد، کە ناتوانێت ڕوانینی لەسەر خۆی هەبێت، بەڵکوو ئەوە کوردۆلۆژییە وەک لە گوتار، یان سیتسەمێکی گوتاری ڕۆژئاوایی خاوەن هەژموون دەتوانێت کورد بناسێت و نوێنەرایەتی بکات. سەرچاوەکانی ئەم سیستەمی گوتارەش هەمووی لە ڕۆژئاوایە و بە زمانەکانی ڕووسی و فرانسی و ئینگلیزی و هی ترە. ئەوان ڕوانینیان بۆ کورد هەیە، کورد ڕوانینی بۆ خۆی و بۆ ئەوان نییە. سەرەنجام سەرچاوەکانی ئەم گوتارە بە چەند شێوەیەک و لە چەند بوار و سەرچاوەیەک دەردەکەون کە کۆڵەکەکانی کوردۆلۆژی پێکدەهێنن: ئەمانەش بریتین لە: دەقی سەرچاوە فیلۆلۆژییەکان و میسیۆنە ئایینییەکان و سەفەرنامەکان.

## ٥- فیلۆلۆژی زایندەی کوردۆلۆژی

ئەم بوارە لە سەدەی حەڤدەهەمەوە تا سەرهەڵدانی تیۆری نوێی

زمانەوانی گشتی فێردیناند دوسۆسور[٢٧] لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کە یەکێ لە نیشانەکانی مۆدێرنیتییە، بە فیلۆلۆژی ناسرابوو. هەندێجاریش بە زمانناسی کلاسیکی ناوی دێت؛ بەڵام کەمتر. فیلۆلۆژی لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و هەموو نۆزدەهەم ئەوەندە فراوان و بە کاریگەری بوو، فەیلەسوفێکی وەک فریدێریک نیتچە-ش[٢٨] خۆی بە فیلۆلۆگ دادەنا؛ بەڵام فیلۆلۆگی ئەو جیا بوو لە هی ئەرنست ڕێنان و سیلڤێستر دوساسی کە پێشەنگانی ئەم بوارە و کۆڵەکەکانی ڕۆژهەڵاتناسیی کلاسیکی بوون. نیتچە خۆی بە فیلۆلۆگی نەریتی فەرهەنگی گریک و ڕۆمانەکان دادەنا. هەرچی ڕێنان و سیلڤێستر دوساسی بوون، عەرەبیزان و فارسیزان و سامیزانی فرانسی بوون. بایەخیان بە توێژینەوە و وەرگێڕان و ساخکردنەوەی دەقە کۆنەکان دەدا. بایەخیان بە زمانناسی و دەستنووسە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات و ڕیشەی زمانەکان و خزمایەتی نێوانیان دەدا. سیلڤێستر دوساسی گرنگی بە سکەناسی ساسانی دەدا تا دەگەیشتە زمان و ئەدەبی عەرەبی کۆن و نوێ. سلڤێستر دو ساسی: «ساڵی ١٧٩٦ یەکەم پرۆفیسۆری زمانی عەرەبی بووە، ساڵی ١٨٢٤ بەڕێوەبەری خوێندنگەی زمانە زیندووەکانی ڕۆژهەڵات بووە کە تازە دامەزرابوو،(...) یەکەمین سەرۆکی کۆمەڵەی ئاسیاییە کە لە ساڵی ١٨٢٢ دامەزرابوو، ناوی ئەو لە سەرەتای ڕۆژهەڵاتناسی مۆدێرن دێت» (سەعید، ٢٠١٨: ٢٩٥)؛ بەڵام ئەرنست ڕێنان یەکەمین ڕۆژهەڵاتناس و زمانناس بوو، خاوەنی تاقیگەی فیلۆلۆژی بۆ توێژینەوە لە زمانە کۆن و مردووەکان، وەک زمانی سامی کۆن بوو.

فیلۆلۆژی هەموو ئەو بوارانەی دەگرتەوە کە تایبەت بوو بە زمان و فەرهەنگی کۆن و نوێی ڕۆژهەڵات، وەک مێزۆپۆتامیا، ئێران و هیندستان و وڵاتانی خاوەر-مەشریق کە لە ڕۆژهەڵاتناسی بە خاکی پیرۆزی فەلەستین ناسرابوو. هەر لەو سەردەمەش دەمێک بوو گرنگی زۆر بە زمانی سانسکریتی و ئاڤێستایی و تێکستە کۆنەکانی وەک *ڕیگ ڤیدا* و *زەند ئاڤێستا* دەدرا و

27. Ferdinand De Saussure.
28. Nietzsche

ساخکرابوونەوە. وێڕای وەرگێڕانی دەیان دەقی ئەدەبی ناسراوی ڕۆژهەڵات، وەک بۆ نموونە چیرۆکەکانی: *هەزار و یەک شەو* لە لایەن ئەنتوان گالاند[29] لە ساڵی ١٧١٤. کتێبی ناسراوی *«کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتی»*ی بارتێلیمی دێربیلۆ، کە لە ساڵی ١٦٩٧ لە پاریس بڵاوبۆتەوە، کە باسێکی لە بارەی کوردیش تێدایە، یەکێ لەو سەرچاوانەی ئەو سەردەمەیە وەک کتێبێکی پڕ لە سیحر و ئەفسوون دەهاتە بەرچاو، ڕۆژهەڵاتی بە پان‌وپۆڕی دەهێنایە ناو خەیاڵی ڕۆژئاوایی. سەرەنجام نەک هەر زمانناسی نوێ لەم بوارە دەرچووە و بۆتە زانستێکی سەربەخۆ، بەڵکوو ئەم سەردەمە و زانستەکانی بە ڕەگ و ڕیشەی ڕۆژهەڵاتناسیش دادەندرێن. بە هەمان شێوە ئەم بوارە فراوانە بە ڕەگ و ڕیشەی کوردۆلۆژی و کوردناسیش دادەندرێت. لە ناو ئەم هەڵکەوتە لە ڕۆژئاوا کورد و جوگرافیای کورد، تەواو ناسرابوو. پەیوەندییەکانیش لەم سەردەمە نوێ‌دەبوونەوە و سەرەتای بازنە و وەرچەرخانێکی تری نوێ بوو، لە پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. دەتوانین پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، بە سەردەمی ڕۆمانتیکی دابنێین. ڕۆژئاوا لە هەڵسانەوە و بووژانەوە دابوو، بەوپەڕی هێزەوە لە خۆی دەگەڕا، هێشتا بە تەواوی نەکەوتبووە نێو هەڵکەوتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری جێگر. لە گەرمەی پشکنین و توێژینەوە و سەفەری زۆر و سەرەتای دەرکەوتنی سەفەرنامەی زۆر، میسیۆنی ئایینی کاتۆلیکی زۆر، دەمێک بوو هیندستان لەلایەن ئینگلستان داگیرکرابوو، سیحری گەڕان و شارەزابوون لە زمانە کۆنەکان، بەتایبەتی سانسکریتی و ئاڤێستایی و زمانە کەوناراکانی میسر و مێزۆپۆتامیای کۆن و هی دیکە، هەموو ئۆرووپایان خستبووە ژێر کاریگەری خۆیان. لەناو ئەم بارودۆخە ڕۆمانتیکییە بیرکردنەوە و توێژینەوە لە زمانی کوردی و لە کورد خۆی سەرهەڵدەدا. لەم بارەیەوە میشێل لیزەنبێرگ دەڵێت: «بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کوردۆلۆژی وەک بوارێکی توێژینەوەی ئۆتۆنۆم لەناو بواری توێژینەوە ئێرانییەکان لە ئیمپراتۆڕی ڕووسی لە دایکبووە؛ بەڵام دەشێ

29. A. Galland.

سەرهەڵدان و لە دایکبوونی وەک داوایەک بگەڕێتەوە بۆ بواری توێژینەوە پسپۆڕییە زمانەوانییە ئەلمانییەکان. کوردۆلۆژی وەک بوارێکی توێژینەوە لەسەر ئەو تێزە جێگیر بووە کە زمانی کوردی زارێکی زمانی فارسی نییە، بەڵکوو لقێکی سەربەخۆیە لە زمانەکانی هیندوئێرانی، ئەم تێزە هەر لە زوویەکەوە لەلایەن توێژەرە پسپۆڕە زمانەوانییە ئەلمانەکان پشتگیری لێ کراوە، وەک: ئێمیل ڕۆدیگەر (۱۸۰۱-۱۸۷٤) و ئۆگوست فرێدێریک پۆت (۱۸۰۲-۱۸۸۷). ئەم سەربەخۆییە زمانەوانییە دەبێتە زەمینە و دڵنیاییەکی فراوانتر کە کورد نەتەوە، یان گەلێکی جیا و سەربەخۆیە بە مانا ڕۆمانتیکەکەی» (لیزەنبێرگ، ۲۰۱۱: ۲).

ئەم کێشەیە کە ئاخۆ زمانی کوردی زارێکی فارسییە، مێژووەکەی بۆ سەردەمی ماوریزیۆ گارزۆنی دەگەڕێتەوە، واتە لەم مێژووەی سەرەوە کۆنترە: «بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێ، ساڵی ۱۷۸۷ ماوریزیۆ گارزۆنی (کە بە باوکی کوردۆلۆژی لە ڕۆژئاوا ناسراوە) کتێبی: *ڕێزمان و فەرهەنگی زمانی کوردی بڵاودەکاتەوە*. دڵنیایی لەوە دەکاتەوە زمانی کوردی، زمانێکی ڕەسەنە (وشەی ئۆریجینال بەکاردێنێ-م)، چونکە تا ئەوسا پێیان وابوو زمانی کوردی زارێکی فارسییە» (گالێتی، ۱۹۹۵: ۹۹)؛ بەڵام ڕوانینی گارزۆنی لەم بارەیەوە هێشتا زۆر ڕوون نییە. دواتر لەم بارەیەوە پیتەر لێرخ-یش ڕای خۆی لە بارەی زمانی کوردی دەربڕیوە کە زمانێکی سەربەخۆیە و بەشێک نییە لە زمانی فارسی. ئەمەش هەر وەک دڵنیایی کردنەوەیە لەسەر ئەوەی پێشتر چی لە بارەی زمانی کوردی نووسراوە، دەڵێت: «هیچ هۆیەک نییە بۆ من لە ڕای ڕاست و چەسپاوی پرۆفیسۆر ئۆگوست پۆت لاریم بێت کە دەڵێت: زمانی کوردی شوێنێکی سەربەخۆ و تایبەتی هەیە لە نێو زمانە ئێرانییەکان» (مارف، ۱۹۷٤: ۵۰۹). لیزەنبێرگ بایەخ بەو لایەنە دەدا کە لەو سەردەمە چۆن سەیری کوردیان کردووە، وەک: زمان و نەتەوەیەکی سەربەخۆ، بەو شێوەیەی لە نەتەوەیەکی دی جیای دەکاتەوە: «وەک خاوەن تایبەتمەندی ئیتنیکی و ڕەگەزی خۆی و خاوەن دابونەریتی فۆلکلۆری جیاواز لە گەلانی موسلمان و کریستیانی هاوسێی خۆی، وەک: تورک، فارس، ئەرمەن و ئاشوورییەکانیان دادەنان. ئەم ڕوانینە ڕۆمانتیکی و ناسیۆنالیستە هەموو

سەرنجەکانی جارێکی دی بۆ خۆی گەڕاندەوە سەر ئەو ڕوانینە، ئەم جیاوازییە چییە لە کورددا هەیە وەک لەو ماتریالە فەرهەنگییانەی لەگەڵ دەوروبەری خۆی تیایدا بەشدارە» (لیزەنبێرگ، ٢٠١١: ٢).

دوای گارزۆنی جارێکی دی بابەت، یان ڕوانینێکی دی لەم جۆرە باس ناکرێتەوە، ئەگەرچی هێشتا لەو سەردەمە سەرچاوەی دەوڵەمەند لە بارەی زمان و فەرهەنگی کوردی زۆر کەم بووە. دەبێ چاوەڕێی سەردەمی ڕێنان و توێژینەوە فیلۆلۆژییەکانی ئەو بکەین، ئەوسا بزانین زمانی عیبری و عەرەبی خزمی یەکترن، کوردی و فارسیش بە هەمان شێوە خزمن، بەڵام هەر یەکەیان زمانێکی سەربەخۆن؛ بەڵام سەرەتای بایەخدانی بە پلان و نەخشە لە پێناوی ناسینی کورد لە چوارچێوەی پڕۆژەی دەوڵەتیی سەربەخۆ، دەگەڕێتەوە بۆ دوای شەڕی کریمێ لە ١٨٥٣-١٨٥٦ لە نێوان ڕووسیا و ئیمپراتۆری عوسمانی. لەو سەردەمە کورد وەک گەلێک و نەتەوەیەکی سەربەخۆ ناسرابوو؛ بەڵام هێشتا وەک زمان و فەرهەنگ و مێژوو باش نەناسرابوو. لێرە بە دواوە کورد و کوردستان دەکەوێتە ناو پڕۆژە دەوڵەتییەکانی ڕووسیا و بایەخدانەکان زیاتر دەبن.

«کوردەکان ئەو کاتە سەرنجی ڕووسەکان ڕادەکێشن کە جەنگی کریمێ ڕوودەدا. ئەمەش ئیمپراتۆری ڕووسی دژ بە هاوسێ و عوسمانییەکەی و دوو ئیمپراتۆرە نەیارەکەی خۆی کە فرانسا و ئینگلستان بوون هان دەدا. ئەم هەڵکەوتە ئیمپریالیستییەی شەڕ و داگیرکردن بە تەواوی لەو بەرهەمە کۆکراوانەی زاری کرمانجی و زازاکی بە جوانی دیارن کە لەلایەن پسپۆڕی ئەلمانی پیتەر لێرخ (١٨٢٧-١٨٨٤) کۆکرابوونەوە، کە ماتریالی توێژینەوەکانی لەناو ئەو دیلە کوردانەی شەڕ تۆمارکردبوو کە لە هەرێمی سمۆلنسک بەندکرابوون» (لیزەنبێرگ، ٢٠١١: ٣).

لێرەوە دەتوانین بڵێین سەرەتای کردەکی کوردۆلۆژی بە کارە مێژوویی و فیلۆلۆژی و فۆلکلۆرییەکانی پیتەر لێرخ دەست پێدەکات. پیتەر لێرخ وەک ئەلمانێک بۆ دامەزراوە فەرهەنگی و دەوڵەتییەکانی ئیمپراتۆری ڕووسی کاری دەکرد. لێرخ سێ کتێبی لە بارەی کورد نووسیوە. تەواوی ئەو کارانەش تا ڕادەیەک تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە ڕووسیا و لە ئەلمانیا بە ڕاسپاردە

و کاریگـەری و نەخشـە و پلانـەکانی ئـەو بـووە، وەک: کارەکانی ئۆگوسـت ژابـا: فەرهەنگـی کـوردی فرانـسی کـە لـە ۱۸۷۹ لـە پیترسـبۆرگ چاپ‌کـراوە. کۆکردنـەوەی چیرۆکـە کوردییـەکان لەگـەڵ مـەلا مەحمـوودی بایەزیـدی. کاری زمانـەوانی لـە بـارەی ڕێزمـانی کـوردی فرێدێریـک یوسـتی لـە سـاڵی ۱۸۸۰. کتێبـی: لـە بـارەی ڕێزمـانی کـوردی-ی ئـا. سۆتسـین لـە کۆتایـی سـەدەی نـۆزدە. کتێبـی: لەبـارەی ئیتنۆگـرافی کـورد-ی س. ئـا. ئێگیـازارۆڤ لـە ۱۸۹۱ و زۆری تـر. یەکەمیـن وەرگێـڕانی شـەرەفنامە بـۆ فرانـسی (۱۸۷۳-۱۸۷۵) لـە لایـەن فرانسـوا شـارموا و چاپ‌کـردنی لـە پیترسـبۆرگ. ئـەم وەرگێڕانـەش لەچوارچێـوەی هەمـان پـڕۆژە بـوو. بێجگـە لـە کار و توێژینـەوەکانی ڤ. دیتێـل، خ. ئابۆڤیـان، ئی. بیرزیـن و زۆری تـر. هەمـوو ئەمـەش لـە پێنـاوی باشتر ناسینی کـورد، بێ‌گومـان لـە پێنـاوی ئامانجێکـی سـەرترە، ئەویش پەیوەنـدی بـە نەخشـە و سـتراتیژی ئیمپراتـۆری ڕووسـیا خۆیـەوە هەبـووە، بـۆ گەیشـتن بـە وڵاتـانی ئەودیـوی قەفقـاز و نـاردنی کاریگـەری خۆیـان. لەولاشـەوە بـوون بـە سـپەرێک لەبـەردەم نەیـارەکانی خـۆی بەتایبـەتی فرانسـا و ئینگلسـتان.

یەکەمیـن سـەرچاوەی ڕووسـی لـە بـارەی کـورد دەگەڕێتـەوە بـۆ نیـوەی دووەمـی سـەدەی هەژدەهـەم، وەک لـە بەراییـی باسـمان کـرد، دروسـت بـۆ ئـەو دەمـەی ئەکادیمیـای زانسـتیی ڕووسـیا: «فەرهەنگـی بـەراوردی[30] هەمـوو زمـان و شێوەکان-ی لـە چاپـدا. لـەم کتێبـە بـۆ یەکەمیـن جـار بـاس لـە زمـانی کـوردی کـراوە» (مـارف، ۱۹۷٤: ۵۰۳). بابـەتی سـەرەکی کوردۆلۆگـە ڕووسـەکان زیاتـر توێژینـەوە لـە زمـان و ئیتنۆگرافیـا و ژیـانی خێـل و هـۆزە کوردییـەکان و ژمـارەی دانیشـتووانیان بـووە، لـە بـارەی جوگرافیـا و بەرهەم‌هێنانیـان بـووە. لـە بـارەی زمـان و ئـەدەبی کـوردی: ڤ. دیتێـل بـەم چەشـنەی خـوارەوە دەڕوانێـت، ئەمەش بـە ڕوونی سـەرەتای ناسـینی کـوردە، ئەگەرچی نووسـەرەکەی لە کۆتایی سـەدەی نۆزدەهەمـەوە نووسـیویەتی: «مـن بـە هیـچ جۆرێـک چـاوەڕوانی ئـەوە نەبـووم و بـە بیرمـا نەدەهـات ئـەو میللەتـە لـە بیرکـراوە، جگـە لـە ئـەدەبی فۆلکلـۆری، خـاوەن ئەدەبێکـی نووسراوەیـی وەهـا زۆر و جـوان بێـت... هەرچـی ئـەدەبی فۆلکلۆرییـە،

---

۳۰. پالاس. ب. س. فەرهەنگی بەراوردی هەموو زمان و شێوەکان. پیترسبۆرگ. ۱۷۸۷.

ئێجگار دەوڵەمەنـدە بـە چیرۆک و داسـتان و گـۆرانی» (مـارف، ١٩٧٤: ٥٠٤). سـەرەڕای نەخشـە و بەرژەوەنـدی دەوڵـەتی ڕووسـیا لـە بایەخـدان بـە کـورد و جوگرافیـای کوردسـتان کـە بێ‌گومـان بەرژەوەنـدی دەوڵەتیـی بـەرەو گوتارێکـی دیکەمـان دەباتـەوە، جیا بێت لـە گوتـاری فەرهەنگی، یـان بـەراوردی فەرهەنگی نێـوان زمـان و فەرهەنگـەکان. ئەمـەش ئەوەمـان پێ‌دەڵێـت، ڕووسـیا وەک چـۆن بایەخـی بـە فارسـەکان و ژاپۆنییـەکان دەدا، بـە هەمـان ئاسـت بایەخـی بـە کوردیـش دەدا، ئـەو بایەخـە ڕووی لـە خـۆی بـوو، نـەک لـە کـورد. هـەر لـەو سـەردەمەوە، بـە پێچەوانـەی سـەرچاوە ڕۆژئاواییـەکان، وێنایەکـی جوانی کـورد بە ڕێژەیەکـی گونجـاو لـە سـەرچاوە ڕووسـییەکان هەسـتی پێ‌دەکرێـت. دەبینیـن توێـژەری ڕووسی خ. ئابۆڤیـان شـەوق و سـەرنجی خـۆی بـۆ کـورد و زمانی کـوردی دەردەبڕێـت: «داوا لـە زانایـانی جیهـان دەکات دەسـت بدەنـە لێکۆڵینـەوە لـە زمـانی شـیرینی کـوردی و لـە نەتـەوەی شۆڕەسـواری کـورد» (مـارف،١٩٧٤: ٥٠٦). هـەر ئـەو نووسـەرە لـە هەمـان وتـار کـە بـە زنجیـرە لـە سـاڵی ١٨٤٧ لـە ڕۆژنامەیـەک لـە تفلیـس بڵاوبۆتـەوە، لـە بـارەی ئـەدەبی کـوردی و ئـارەزووی قووڵـی کـورد بـۆ ئەدەبیـات دەنووسـێت: «شـیعری خەڵکـی (مەبەسـتی شـیعری نـووسراوە-م) هەنـگاوی گـەورەی هاویشـتووە و گەیشـتۆتە ڕادەی پوختـی و نایابی. لـە هـەر کوردێـکدا هەسـت و بەهـرەی شـاعیری بـەدی دەکرێـت و زۆر بـە سـاز و ئـاواز گـۆرانی بەسـەر دۆڵ و چیـا و تاڤگـە و گـوڵ و چـەک و ئەسـپ و قارەمـانی و جوانانیانـدا دەڵێـن...» (مـارف، ١٩٧٤: ٥٠٦).

بـوونی ئـەم وێنایـە لـە سـەرەتای ناسـینی کـورد و سـەرەتاکانی کوردۆلـۆژی، ئەگـەر سـەر بـە ناوەندێکـی دەوڵەتیـی ڕووسـیش بێـت، خەیاڵـمان بـۆ تایبەتمەنـدی کوردۆلـۆژی ڕووسی و مێژووەکـەی دەباتـەوە، گوتارێـک بێـت، جیـاواز لـەو گوتـارە ڕۆژهەڵاتناسـییانەی فرانـسی و ئینگلیـزی، کـە دواتـر بەخێرایـی وێـڕای داگیرکـردنی بەشـێکی زۆری جیهـان لەگـەڵ کۆلۆنیزاسـیۆن هاوتـا دەبێـت. بێجگـە لەمـەش سـەرنجمان بـۆ ئـەوەش دەباتـەوە، ناسـینی کـورد لـە ڕووسـیا بـە توێژینـەوە زمانـەوانی و ئیتنۆگرافـی و مێژووییـەکان دەسـتی پێ‌کـردووە. ئەمـەش دەبێتـە نەریتێـک و بـەردەوام دەبێـت. هـەر ئـەم نەریتـە لـە سـەردەمی یەکێتـی سـۆڤییەت لـە نـاوەوە و لـە دەرەوە درێـژەی دەبێـت. ئـەو

فیگەرە کوردۆلۆگە ڕووسانەی دەرەوەی یەکێتی سۆڤییەت وەک بازیل نیکیتن و مینۆرسکی کوردۆلۆژی دەگەیەننە ئەوپەڕی گەشانەوە. لە ناوەوەش هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەم نەریتی پێشوو زیاتر بایەخی پێدەدرێت و لەسەر دەستی چەند کوردۆلۆگێک لەوانە فرێیمان و ئۆربیللی خوێندنی زمان و ئەدەبیات و ئیتنۆگرافی کوردی تا ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت درێژە بە خۆیان دەدەن. دواتر کوردۆلۆژی سۆڤییەتی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی سەر هەڵدەداتەوە، بێگومان لەسەر هەمان نەریتی پێشوو بە گوڕتریش.

«کوردۆلۆژی سۆڤییەتی بە دەستپێشخەری توێژەرانی: فرێیمان و ئۆربیلی لە ۱۹۱٤ـەوە بۆ ۱۹۳۵ دامەزراوە، لەم نێوانە هەندێ وەستانی تێکەوتووە. ئەوان کورسی زمانی کوردییان دامەزراندووە. ئۆربیلی خۆی ئەلفبێی کوردی بە لاتینی داڕشتووە هەر ئەمەش بۆتە بنچینە بۆ ئەلفبێی ماراگولۆف و شامیلۆف. هەر ئەو یەکەمین پسپۆڕێکی سۆڤییەتی بوو، پێگە و بەهای بۆ ئەدەبی ئێپیکی کوردی گەڕاندەوە و توێژینەوەیەکی لە بارەی مەم و زینی خانی نووسیوە. (...) ساڵی ۱۹۳۰ ئۆربێلی لە: ئەنستیتوی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بەشی کوردی دادەمەزرێنێت. هەر لەو سەردەمە پەنجا خوێندکاری هەبووە. بۆ ساڵی دواتر ۱۹۳۱ لە لایەن فرێیمان سیمینارێکی کوردی، واتە وانەیەکی کوردی بۆ ماوەی ساڵێک لە کۆلێژی زمان لە زانستگای لینینگراد دەخوێندرێت، خوێندکارە کوردەکانی ئەنستیتوی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان دەبوایە بە شێوەیەکی ئیجباری ئەو وانەیە بخوێنن و لەو سیمینارە ئامادە بن» (موکری، ۱۹٦۰: ۵۱۷). سەرەنجام کوردۆلۆژی ڕووسی لەگەڵ ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت کۆتایی دێت.

لەگەڵ بووژانەوەی کوردۆلۆژی لە سەرەتاکانی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤییەت، هاوکات لە فرانسا و لە بەریتانیا، تا ڕادەیەکیش لە ئەلمانیا کوردۆلۆژی جارێکی تر دەچێتەوە ناو قۆناغێکی تر. زۆربەی ئەو کوردۆلۆگانەی لەم ماوەیە دەرکەوتوون، بۆ دامەزراوەی ئایینی و دەوڵەتیی کاریان کردووە، ڕۆژهەڵاتناس و کوردۆلۆگ و ئاژان، یان کاربەدەستی گەورەی دەوڵەتبوون، وەک: مێجەرسۆن و مارک سایکس و سیسیل ئەدمۆنز کوردیزان و کوردناس

بوون. هەر یەک لەمانە چەندین وتار و کتێبیان لە بارەی زمانی کوردی و کوردستان نووسیوە. ئەدمۆنز کوردییەکەی ئەوەندە باش بووە، هەڵبژاردەیەک لە شیعری گۆرانی بۆ ئینگلیزی وەرگێڕاوە. لە فرانساش بە هەمان ئاست، تۆمابوا بۆ دامەزراوەی ئایینی دۆمنیکانەکان کاری دەکرد و لەسەر داستانی کوردیش دەینووسی. ڕۆبێرت مۆنتێین و پییێر ڕۆندۆ، ڕۆژێ لیسکۆ فەرمانبەری گەورە و ئاژانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی فرانسی بوون، لە سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان بایەخیان بە زمان و دەستنووس و وەرگێڕانیش دەدا.

## ٦- کوردی وەک زمانی میسیۆنە ئاینییە ڕۆژئاواییەکان

ئەگەر نووسراوەی نێردە ئایینییەکان بە هەمان ئاست لەمەڕ کێشە تیۆرییەکان، وەک ماتریالی کوردۆلۆژی وەرگرین، ئەوا ئەم سەرچاوانەش دەبنە بەشێک لە مێژووی سەرهەڵدانی کوردۆلۆژی. لەم هەڵکەوتەدا سەرچاوە ئیتالییەکان بە پلەی یەکەم دێن. ئەمەش هەموو ئەو سەرچاوانە دەگرێتەوە لە بارەی کورد و ڕۆژهەڵاتن. سەرچاوە ئیتالییەکان لەمەڕ کورد و کوردستان گەلێک زۆرن، وەک: سەفەرنامە، ڕاپۆرتی دیپلۆماسی، دەقە ئایینییەکان، نووسراوەی بازرگانەکان، دەقی گەشت و گوزار و دەقی نەیارانی کلێسای ڕۆما و مانەوەیان لە کوردستان، ڕاپۆرتی سوپایی لە بارەی شەڕەکان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و ئەوانەی ناوەوەش، بەڵام سەرچاوە ئیتالییەکان زانیاری و ماتریالی زۆر کەم لە بارەی کورد و کوردستان پێشکەش دەکەن. هۆکاری ئەمەش پەیوەندی بە تێکەڵنەبوونیانە بە کورد. لەگەڵ ئەمەش چەند سەرچاوەیەک هەن، وەک: سەفەرنامەکانی دۆمنیکۆ لانزا، گیزێپ کامپانیل، ئەلیساندرۆ دو بیانچی، پییێترۆ دیلا ڤالێ لە سەدەی حەڤدەهەم کە هەندێ زانیاری و وەسفی خێرای ئەو شوێنانە باس دەکەن کە پێیدا تێپەڕیون. لەناو ئەمانە دەشێ سەفەرنامەکەی پییێترۆ دێلا ڤالا پلەی یەکەم بێت کە لە کوردستان هەست و بینینێکی خۆشی هەبووە و کەمێکیش تێکەڵی کورد بووە. هەرچی لە بارەی نووسراوەی میسیۆنە ئاینییەکانە، وەک پڕۆژەیەکی درێژخایەن و دامەزراندنی پەیوەندی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کە کوردستان ڕاستەوخۆ دەبێتە بەشێک لەم پەیوەندییە، هەموو شتێک لە

سەردەمی کلاسیکی لەگەڵ جێزویت، یان جێزویتەکان (یەسوعییەکان) دەست پێ‌دەکات.

«ئەم تەریقەتە ئاینییە کاتۆلیکییە لە ساڵی ١٥٤٠ لەلایەن گەورە پیاوی ئایینی «ئینیاس دو لۆلا»وە دامەزراوە. ئامانجیان بڵاوکردنەوەی ئایینی کریستییانی کاتۆلیکی بوو لە جیهان. هەر لە سەرەتاوە لە سەدەی شازدەهەمەوە دەست بە بڵاکردنەوەی کاتۆلیسیزم لە ئەفریقیا و ئاسیا و چین دەکەن، کەمتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم تەریقەتە لە سەرەتای سەدەی بیستەم خاوەنی حەڤدە هەزار ئەندام بووە» (بلۆ، ١٩٩٥:٨٥). هەر لە زووێکەوە بەوە تاوانباریان دەکەن کە مێتۆدی ئایینی: بە شارستانی‌کردنی ئەویتری نەزان و دواکەوتوو لە ڕێگای ئایینی کریستییانی[31] بەکار دەهێنن. لەم پەیوەندییە ئەویتر بە نەزان و دواکەوتوو لە قەڵەم دەدرێت، لە ڕێی ئایینی کریستییانییەوە دەکرێتە کەسێکی شارستانی و خاوەن فەرهەنگ. ئەوان بە چاوێکی کەم سەیری نەستۆرییەکانی کوردستانیان دەکرد و بە کریستییانی ڕافزی هەژماریان دەکردن، بۆیە دەبوایە لە ڕێگای میسیۆنی جێزویتەکان بهێنرێنەوە ناو کاتۆلیسیزم و کریستییانیزم و ڕێگای ڕاست. هەر لەو سەردەمە، بەڵکوو زووتریش میسیۆنی ئایینی بۆ کوردستان دەست پێ‌دەکات. سەرەتا مژدەبەخشە ئیتالییەکان، دواتر فرانسییەکان جێگایان دەگرنەوە. زۆربەی هەرە زۆری کریستییانەکانی کوردستان لەو سەردەمە نەستۆری بوون، کلێسای ڕۆما بە چاوێکی زۆر کەم سەیری نەستۆرییەکان و کلێسای ڕۆژهەڵاتیان (کە بە کلێسای فارسی-یش ناسرابوو) دەکرد، دەبوایە بیانهێننە سەر ئایینزای کاتۆلیکی: «ئەو بایەخدانەی کلێسای ڕۆمانی بۆ کۆمەڵی کورد هەیبوو، دەگەڕایەوە بۆ سەدەی شازدەهەم. کاتێ خێلێکی کریستییانی نەستۆری ساڵی ١٥٥٢ بڕیاردەدا بۆ کلێسای کاتۆلیکی ڕۆما بگەڕێتەوە و سوود لە دەستکەوتی ئەو ڕێکەوتننامانە وەرگرێت کە بە کریستییانانی دانیشتووی وڵاتانی موسڵمانان بەخشرابوو.[32] لەو سەردەمە

31. Inculturation

32. Capitulation

کلێسای کاتۆلیکی ڕۆمانی بڕیار دەدا، چیتر ئەندامانی کلێسای ڕۆژهەڵات بە ناوی ئەو ڕافزییە نەستۆریوس ناویان نەهێنێت، لێرە بە دواوە بە ناوی کلدانی-یەکان ناویان دەبات» (بلۆ، ١٩٩٥: ٨٦-٨٥).

لەناو ئەم هەڵکەوتە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم جێزویتەکان یەکێ لە کەشیش و میسیۆنێرە ناسراوەکانی خۆیان بۆ کوردستان دەنێرن، ئەویش ماوریزیۆ گارزۆنی-یە (١٧٣٤-١٨٠٤)، کە لە ساڵی ١٧٦٢ بۆ ١٧٨٢ لە ناوچەی موسل و ئامێدی دەژیت. لەم ماوەیە کاتۆلیسیزم لەناو خەڵکەکە بڵاو دەکاتەوە و پەیوەندییەکی چڕی لەگەڵ تەواوی دانیشتووانی ئەم ناوچانە بووە، بەتایبەت لەگەڵ کورد و کریستییانەکان. هەر لەو ماوەیەشدا لەسەر بنچینەی زاری کرمانجی ئەو ناوچەیە کتێبێک بە ناوی *(ڕێزمان و فەرهەنگی زمانی کوردی)* ئامادە دەکات. ئەم کارە بە فەرهەنگێکی ئیتالی-کوردی تەواو دەکات کە لە ٤٦٠٠ وشە پێکهاتووە، ساڵی ١٧٨٧ بڵاوکراوەتەوە. ئەم فەرهەنگە تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە پاڵ فەرهەنگەکەی ژابا کە کوردی فرانسییە سەرچاوەی کوردۆلۆگەکان بووە. گارزۆنی زۆر زانیاریی وردی لە بارەی زمان و ئەدەبی کوردی نییە، وەک لە سەرەوە باسمان کرد. لە لای ئەو هێشتا زمانی کوردی زارێکی فارسییە و ئەدەبی کوردیش بە هەمان شێوە بەشێکە لە ئەدەبی فارسی. گارزۆنی لەو پەیوەندییە خزمایەتییە زمانەوانییە، یان خێزانە زمانەییەکان بەو شێوەیەی ئەرنست ڕێنان لە تاقیگە فیلۆلۆژییەکەی دواتر باسی کردووە، نەگەیشتووە. هێشتا توێژینەوەی ئەوتۆ لەم بارەیەوە نەبوو کە زمانی کوردی و فارسی بەشێکن لە خێزانە زمانەکانی هیند و ئێرانی، ئەمانەش بەشێکن لە خێزانە زمانەکانی هیند و ئۆرووپایی. بێجگە لەمە گارزۆنی لە کتێبەکەی باس لە ئەدەبی کوردەی ناکات و وێناچێت شارەزایی هەبووبێت، ئەگەرچی لەو سەردەمە دوورە بە دەستهێنانی زانیاری سەخت بووە؛ بەڵام بەو ڕادەیەش نەبووە، نەتوانرێت بە دەست نەهێندرێت.

«گارزۆنی پێداگری لەوە دەکات کە زمانی کوردی سەر بە زمانی فارسییە، لەگەڵ تێپەڕینی وەخت کۆمەڵێک وشەی عەرەبی و وشەی کلدانی تێکەڵ بووە، بەهۆی تێپەڕینی چەند سەدەیەک زمانێکی نوێی جیاواز

لەوانی تر دروست بووە و ناوێکی سەربەخۆی وەرگرتووە. گارزۆنی پێداگری لەوەش دەکات زمانی کوردی تەنیا زمانی قسەکردنە، نەک زمانی ئەدەب. (...) گارزۆنی دەڵێت: «کوردەکان لە نووسینیان زمانی ئەدەبی فارسی بەکار دەهێنن، تەنیا خوێندەوارەکانیان تێیدەگەن. کریستییانەکان لە نێوان خۆیان زمانی خۆیان بە کاردەهێنن، نەستۆرییەکان زمانی کلدانی بەکاردەهێنن، یاقوبییەکان (جاکۆبی) زمانی سریانی، ئەرمەنیش ئەرمەنی، بەڵام هەموو کەسێک دەبێت زمانی کوردی بزانێت، نەک هەر تەنیا بۆ بازرگانی لەگەڵ موسلمانەکان، بەڵکوو بۆ بازرگانی خۆیان لەگەڵ سەردارانی ناوچەکەش» (گالێتی، ۱۹۹۵:۱۰۷). «بێجگە لەم زانیارییانە، گارزۆنی زمانی کوردی بە پێنج زار دادەنێت، وەک: زاری قەڵاچوالان، زاری ئامێدی، زاری جۆلەمێرگ، زاری جزیرە، زاری بەتلیس» (گالێتی، ۱۹۹۵: ۱۰۷). ناوی ئەم زارانە بە ناوی ئەو شارانەوە هاتوون کە ئەو سەردەمەش لەلای ئەو ناوەندی پێنج ماڵباتی دەسەڵاتداری کوردی بوونە.

لەمەوە دەردەکەوێت ئامانجی سەرەتا و کۆتایی پڕۆژەی زۆربەی میسیۆنی جیزویتەکان و کاپوساییەکان و دۆمنیکانەکان و فرانسیسکانەکان و لازاریستەکان لە کوردستان قەت بایەخدان نەبووە بە زمانی کوردی، لە پێناوی زمانی کوردی خۆی، بەڵکوو زمانی کوردی یەکەم هۆی پەیوەندی و بڵاوکردنەوەی پەیام و کاری مژدەگانی کریستییانی ئەوان بووە. سەرەنجام لەوەوە تێدەگەین ئامانجی گارزۆنی لە بڵاوکردنەوەی ئەم فەرهەنگە «فێرکردنی زمانی کوردی بوو، بۆ قەشە کریستییانەکان تاکوو باشتر لە ڕووی ئایینییەوە کاریگەرییان لەسەر دانێن» (سەجادی، ۲۰۲۳: ٦). ئەمەش وەک ستراتیژییەک بووە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بە دانیشتووانی کوردستان بگەن، بەتایبەتی کریستییانەکان بکەنە کاتۆلیک. دەتوانین بڵێین تا کۆتاییەکانی ژیانی تۆما بوا-ش ئەم پڕۆسەیە وەک دوا کوردۆلۆگی فرانسی پێشەنگ لە شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستەم بەردەوامی هەبووە و لەسەر هەمان مێتۆد ڕۆیشتوون. دووەمین کەسایەتی لەلایەن دامەزراوەی ئایینی و سیاسی

پڕۆپاگەندەی ڕۆمانی[٣٣] بۆ کوردستان دەنێردرێت، ئەویش گێزێپ کەمپانیل-ـە (١٧٦٢-١٨٣٥) کە لە ساڵی ١٨٠٢ لە باشووری کوردستانی بۆ ماوەی حەوت ساڵ دەژی. کتێبێکی بە ناوی (مێژووی کوردستان) نووسیووە. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٨١٨ لە ناپل چاپ و بڵاوکراوتەوە.

گێزێپ کامپانیل زانیارییەکی ئەوتۆمان ناداتێ. لەم سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمە باس لەوە دەکات کوردستان لە حەوت ناوچەی سەربەخۆ پێکهاتووە: «...دابەشی حەوت ناوچەی (ئەو وشەی پرنیسپالیتی بەکاردەهێنێت کە مەبەستی میرنشینییە) سەربەخۆ بووە: بەتلیس، ئاگری کە ناوێکی تریشی هەیە، پێی دەگوترێت: سیامبۆ لە ناوچەی هەکاری، بۆتان، بادینان، سۆران، یان ناوچەی کۆیسنجاق، بابا، یان سولەیمانییە و قەڵاچواڵان» (گالێتی، ١٩٩٥: ١٠٩). باس لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ناکات. لە شوێنێکی دیکە باس لەوە دەکات کە کوردستان ناوچەیەکی شاخاوی زۆر جوانە، بەڵام زۆریش عاسێیە و باشترین شوێنێکە بۆ پەناگا و خۆپاراستن، بەڵام کامپانیل وێنایەکی جوانی لە بارەی کوردەوە نییە و هۆکاری بوونی ئەو ڕوانینەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، قەت تێکەڵی کورد نەبووە، ئەگەرچی حەوت ساڵ لە کوردستان ماوەتەوە. میسیۆنێرەکان بەشی زۆری ژیانیان لەناو دێرەکان بەسەر دەبرد کە تێکەڵیش دەبوون، ڕاستەوخۆ دەچوونە شوێنی مەبەست بۆ بینینی کریستیانەکان. بەڵگەی تێکەڵ نەبوونی ئەو لەگەڵ دانیشتووانی کورد و کریستییانەکان بەگشتی بۆ بوونی ڕوانینی کلێشەیی و ئامادە دەگەڕێتەوە کە جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو گوتە و کلێشانەی گەڕیدەکانی پێش خۆی دووبارەیان کردۆتەوە نییە کە بیرکردنەوە و ناسینی تێدا نییە و دەڵێت: «کوردەکان نزیکەی هەموویان شوانی گێل و نەزانن، تەمبەڵ و ڕەزاگرانن، سست و بێ‌هێزن، سەرگەرم و کەللەڕەقن، دوورن لە بەڵێن و سوێندخواردن، سوێندخواردن لای ئەوان تەنیا بۆ کات بردنەسەرە...» (گالێتی، ١٩٨٧: ٦١).

دووەم گروپی ئایینی کە هاتوونەتە کوردستان دۆمنیکانەکانن،

33. Roman Propaganda.

دۆمنیکانەکان، یان تەریقەتی مژدەبەخشەکان. مێژووی دامەزراندنیان بۆ سەرەتای سەدەی سیزدەهەم دەگەڕێتەوە و لەلایەن: دۆمنیک دو گوزمان-ەوە دامەزراوە. ئامانجیان بڵاوکردنەوەی ئایینی کاتۆلیکی بوو. سەرەتا دۆمنیکانە ئیتالییەکان پێشەنگ بوون، پاشان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم فرانسییەکان جێگایان پڕ دەکەنەوە. تۆما بوا (۱۸۹۰-۱۹۷۶) لە دۆمنیکان و کوردۆلۆگە پێشەنگە فرانسییەکانە. لە کارە هەرە ناسراوەکانی ئەم میسیۆنێرە کۆمەڵێک توێژینەوەن، لە سێ بەرگ بڵاوبوونەتەوە:

۱- کوردەکان و ماف، ۲- ناسینی کورد، ۳- چۆن بەکوردی بنووسین. ئەمانەش توێژینەوەن لە زۆر بوار، وەک: زمان و ئەدەب، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆر، داب‌ونەریت و کێشەی کورد خۆی. هەموو ئەم کتێبانە بە زمانی فرانسین و لە لایەن چاپخانەی کاتۆلیکی لە بەیروت چاپ‌کراون. لە چوارچێوەی هەر ئەو ستراتیژییەی بەخشینی زانین و ناسین بە قەشەکانی دوای خۆی نووسراوە، وەک زانیاری دامەزراوەی ئایینی دادەندرێت، هەرکات پێویست بوو بەکار بهێندرێت. پێنج ساڵ دوای ئەمانە، هەر لە ساڵی ۱۸۴۲-ەوە، میسیۆنی پرۆتێستانەکان دەگەنە کوردستان، بەتایبەتی دامەزراوەی میسیۆنێرە پرۆتێستانەکان، ڕق و کینەیەکی زۆریان لە کاتۆلیکەکان دەبوو. ئەم ڕق وکینە و دووبەرەکییەیان لە کوردستان بەرانبەر بە یەکتری پیشان دەدا و بەرگرییان لە بەرژەوەندی خۆیان دەکرد. هەر لەو ماوەیەش دامەزراوەی هاوپەیمانی جیهانی ئیسرائیلی[۳۴] لە هەمان شوێن نیشتەجێ دەبن. پاشان لە ساڵی ۱۸۸۰ -ەوە میسیۆنێرەکانی کلێسای باڵای ئینگلستان[۳۵] دەگەنە کوردستان و ئامانجیان کارکردن بووە لەسەر کریستییان و جووەکانی کوردستان. پێش گەیشتنی میسیۆنێرە ڕۆژئاواییەکان، زۆربەی کریستییانەکانی کوردستان سەر بە ئایینزای نەستۆری بوون، لە ماوەی کەمتر لە دوو سەدە زۆربەیان بە دەستی میسیۆنێرەکان دەکرێنە کاتۆلیک. ئەم هەڵکەوتەی سەرەوە کە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەدە بەردەوامی

34. Alliance Israelite Universal.

35. High church of England.

هەبووە، فەرهەنگەکەی گارزۆنی و بایەخی زمانی کوردی لەم نێوانە زیاتر ڕوون دەکاتەوە، کە زمانی کوردی بە هۆیەکی بەهێزی پەیوەندی سەرەتای ڕۆژهەڵاتناسی کلاسیکی لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ئایینەوە دادەندرێت. هەروا ئەوەشمان پێدەڵێت: زمانی کوردی یەکێ لەو زمانانە بووە لە ناو چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتناسی ئایینی زۆر بەکارهێنراوە، فەرهەنگی بۆ داندراوە، ڕێزمان و ڕێنووس و ئەلفبێی بۆ داندراوە و تەواوی کۆمەڵەی میسیۆنێرەکان بە بێ جیاوازی لە پەیوەندییەکانیان و لە پڕۆژەکانیان بەکاریان هێناوە. ئەگەرچی گارزۆنی لە گوتاری کوردۆلۆژی بە دامەزرێنەر و باوکی کوردۆلۆژی دادەندرێت؛ بەڵام لە بنچینەدا هەموو کارەکانی بۆ بنیاتنانی کوردۆلۆژی نەبووە. هەروا بۆ ناسینی کوردیش نەبووە، بەڵکوو زمانی کوردی لەم نێوانە بۆتە زمان و هۆیەکی پەیوەندی دامەرزاوەی میسیۆنە ئایینییەکانی ڕۆژئاوا لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵاتی بێدەنگ و ڕۆژئاوای قسەکەر بە کوردی لەگەڵ کورد و کریستییانەکان. زمانی کوردی بۆتە هۆیەکی پەیوەندی دامەزراوەیەکی کاتۆلیکی سەر بە نەخشە و پڕۆژەکانی سیاسەتی ڤاتیکان. ئەمەش جیاوازە لەوەی دامەزراوەیەکی فەرهەنگی لە پشت بووبێت؛ بۆنموونە، وەک کوردۆلۆژی ڕووسی، ئەگەرچی ئەویش بەرژەوەندی دامەزراوەیەکی لە پشت بووە. کارەکانی تۆما بوا-ش دواتر وەک کوردۆلۆگێکی پێشەنگ، هەر بەم ئاراستەیە بووە، زمان و فەرهەنگی کوردی وێڕای گوتاری ئایینی ڕۆژهەڵاتناسییانە بایەخی هەبووە و گرینگییان پێداوە.

### ٧- سەفەرنامە و وێنای کورد

سەفەرنامە وەک جۆرێک لە دەقێکی تایبەتی ئەدەبی و خەیاڵی دادەندرێت. پشت بە بینین و گێڕانەوەی فەزا و جیهانێکی بینراو و بێگانە و نەناسراو دەبەستێت کە لەلایەن بێگانە و نەناسراوێک بۆ فەرهەنگ و جوگرافیای بینراو دەگێردرێتەوە. لایەنی ئێگزۆتیک لە دەقی سەفەرنامە زۆرە، بەو مانایەی باس لە جوگرافیایەکی نەناسراو دەکات، ئەمەش نهێنی و سیحری خۆی هەیە. دەشێ دەقی سەفەرنامە ماتریالی بۆ زۆر بواری زانستی تێدا بێت و نزیک بێت لە دابونەریت، جیاوازیی شارستانی، بۆیە وەک فۆرم و لە ڕووی

تیۆرییەوە لێکدانەوەی زۆری بۆ دەکرێت. هەموو ئەم خاڵانە دەبنە بنەمایەک بۆ گرفتێکی تیۆری کە هێشتا لە گفتوگۆ و گەشەسەندندن‌دایە. ئەو پرسیارە ڕەپێش دەخەن: ئاخۆ دەقی سەفەرنامە لە هەڵکەوتی کورد لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەشێ ببێتە سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ کوردۆلۆژی؟ ئەمە یەکەم پرسیاری بەو کێشەیە دەبێت؛ وەڵام بدرێتەوە. دەشێ سەفەرنامەکان تەنیا وەک تایبەتمەندی فەرهەنگی ببنە هاوتایەک بۆ تایبەتمەندی زمان و ئەدەب، بە هەمان ئاستی بوارەکانی دی، وەک ئایین‌ناسی، ئیتنۆگرافی، فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و هتد. لەم خاڵە بەڵێ سەرچاوەیەکن، هەندێ زانیاریی زیندوو لەمەڕ بوون و ئامادەبوونی کورد و کوردستان پێشکەش دەکەن. لە ڕووی بەراوردی فەرهەنگییەوە بایەخی تایبەتییان هەیە، چونکە سەفەرنامە دەقێکە بەرهەمی بە یەک‌گەیشتنی دوو بوون، یان دوو ڕوانین و دوو جیهانی بێگانەن بۆ یەکتر، بەڵام لە هەموو بارێکدا ئەم سەفەرنامانە ئەگەر وەک بەڵگەنامەی زیندوو وەریان بگرین، هەندێ زانیاریی کەمتر پێویست، یان بایەخدار لە چاو توێژینەوە بەراییەکانی کوردۆلۆژی پێشکەش دەکەن کە سەرچاوەی فیلۆلۆژی، مێژوویی، جوگرافیایی، یان ئیتنۆگرافین لە بارەی کورد و کوردستان، کە بە سەرچاوەی بەراییش بۆ سەرهەڵدانی کوردۆلۆژی دادەندرێن.

پێش هەموو شتێک مەبەست لەم دوو زاراوەیە سەفەر و سەفەرنامە گەشت و گەشتنامە نییە، بەڵکوو زۆربەی سەفەرنامەکان تێکستی ئەو کەسانەن بۆ گەشت وگوزار نەهاتوونەتە کوردستان، بەڵکوو بەردەوام بە کار و پڕۆژەیەک و پەیام و ئامانجێک هاتوون. زۆربەی هەرە زۆریان دیپلۆمات و بازرگان و نێردراوی تایبەتی کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتیی، یان پیاوانی دامەزراوە ئایینییەکان بوونە. زۆر کەم ئەو کەسانەیان تێدا بووە بە مەبەستی گەشت و بینینی دنیا ڕوویان لە کوردستان کردبێت، زۆربەیان بە کوردستان تێپەڕیون، ئەمەش بەو مانایە دێ کوردستان هەرگیز ئامانجی کۆتایی سەفەری هیچ یەکێک لە سەفەرنامەکانی ڕۆژئاوایی نەبووە. ئێمە تەنیا دوو، یان سێ نموونەمان هەن کە بینینی کوردستان ئامانجیان بووە. یەکەمیان سەفەری پیێترۆ دیلا ڤالا-ی (١٥٨٦-١٦٥٢) ئیتالییە لە سەدەی حەڤدەهەم هاتۆتە

کوردستان.

«لە ئاداری ١٦١٧ دێلا ڤالا بەغدا بەرەو فارس بەجێدەهێڵێت. لە ڕێگای خۆی بەناو کوردستان، هەندێ زانیاری لە بارەی ناوچەکە دەنووسێت. باس لە خاکی کوردستان دەکات کە لە کەنداوی فارسەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ئەرمینیا، لە بابلەوە (مەبەستی بەغدایە) تا موسل. کوردستان لە لای ئەو کەوتۆتە نێوان دوو زلهێزی تورک و فارس. باس لە تایبەتمەندی زمانی کوردی دەکات، کە زمانێکی سەختە، جیاوازە لە فارسی و عەرەبی و تورکی، بەڵام لە زۆر ڕووەوە لە فارسی نزیکە»(گالێتی، ١٩٩٥: ١٠٥). دووەم سەفەری کلۆدیۆس جیمس ڕیچ-ە (ئینگلیز)، لە ساڵی ١٨٢٠ ماوەیەک لە سلێمانی دەمێنێتەوە، پاشان سەردانی سنە-ش دەکات. ئەویتر سەفەری هێنری بیندەر-ە (فرانسی)، لە ساڵی ١٨٨٥ بەتایبەتی بۆ بینینی کوردستان هاتووە و هەر ئەویش یەکەم کەس بووە، کامێرای گەڕۆکی لەگەڵ خۆی هێناوە و وێنەی لە زۆر شوێنی کوردستان گرتووە، بەتایبەت لە کوردستانی سەردەمی عوسمانی و ڕۆژهەلات.

«هەر لە سەدەی هەژدەهەمەوە دوو زلهێزی ئۆروپایی فرانسا و ئینگلستان بەرژەوەندی زۆری خۆیان لە ڕۆژهەلات و خاوەر –مەشریق، یان خاکی پیرۆز دەبیننەوە، بەتایبەتی مێزۆپۆتامیا و کوردستان، کە زیاتر وەک دوو ناوچەی تایبەت بن بە ئەنگلۆسەکسۆن، مێزۆپۆتامیا و فارس (ئێرانی کۆن) لە ڕوانگەی ئینگلیزەکان وەک شوێنێکی پاشکۆ، یان دەروازەی هیندستان بووە، بەرژەوەندییەکی زۆری ستراتیژی و بازرگانی بۆ ئینگلستان هەبووە. سەفەریش بۆ کوردستان هەندێک پێکچوونی هەیە، لەگەڵ زۆربەی ئەو سەفەرانەی ئۆروپییەکان بۆ ڕۆژهەلاتیان کردووە. ئەمەش، واتە هەمان شوێن و فەزای جوگرافیایی، هەمان گەشەسەندنی هاوتا بۆ هەڵکشانی قازانج و بەرژەوەندی زلهێزە ئۆروپییەکان لەو ناوچەیە. گەڕیدە کە لە هەڵکەوتێکدایە سەر بە کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، وەک: گەڕان لە ئێگزۆتیزم، یان خەون بینین بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی کریستییانیزم و ئامانجی دی» (تێژێل، ٢٠٠٠: ٩٣).

ئەم ڕوانینە وەک ئامانجێک، لە سەردەمی زێڕینی سەفەر و سەفەرنامەکان

بۆ ڕۆژهەڵات تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ سەردەمی ڕۆمانتیکی فرانسی دەست پێدەکات، واتە ڕاستەوخۆ دوای شۆڕشی فرانسی ساڵی ۱۷۸۹، تا سەرەتای سەدەی بیستەم دەخایەنێت. دوای ئەوە سیحر و ئەفسوونی نامێنێت. بۆ ئەمەش کۆمەڵێک هۆکار هەن، وەک: داهێنان و پێشکەوتنە تەکنیکی و پیشەسازییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم کە بە گەشانەوەی زیاتر و هەڵکشانی سەردەمی نوێیەتی- مۆدێرنیتێ دادەندرێت. هەر لێرەوەشەوە لەسەر ئاستی گەشەی سیاسی و سۆسیۆئابووری جیهانی، سەردەمی بە گوڕی کۆلۆنیزاسیۆن و زۆربوونی توندوتیژی دەست پێدەکات کە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم درێژەی دەبێت. هەر لەو سەردەمەش گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی لەوپەڕی گەشانەوە دابووە. سەفەر و سەفەرنامە ناسراوەکانی سەردەمی زێڕین: سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات-ی نێرڤال و فلۆبێره[36]، پێش ئەوانیش سەفەری شاتۆبریان[37] بۆ خاوەر و ئەمریکا. کوردستان لە هیچ یەک لەم سەفەرنامانە دەنگ و زایەڵەیەکی نییە. ئەم سەفەرنامانە سەرەڕای پێشکەش کردنی زانیارییەکی زۆر لە بارەی ڕۆژهەڵات، وەک کاری ئەدەبی باڵا دادەندرێن، بەتایبەتی سەفەرنامەکەی ئێدوارد لان و نێرڤال و فلۆبێر.

لە بارەی بوون و ئامادەگی کوردستان لە نێو سەفەرنامە ڕۆژئاواییەکان، دەشێ سەفەرنامە ئیتالییەکان بە پلەی یەکەم بێن، مێژوویان بۆ زۆر کۆن بگەڕێتەوە، بۆ سەفەرەکانی مارکۆپۆلۆ لە سەدەی سێزدەهەم. مارکۆپۆلۆ دەڵێت: «لە ناوچە شاخاوییەکانی مەملەکەتی موسل خەڵکانێک دەژین پێیان دەڵێن کورد، ئەمانە کریستییانی نەستۆری و جاکۆبین. هەندێکیان موسلمانن و محەمەد دەپەرستن، ئازا و ڕم هاوێژی باشن؛ بەڵام خەڵکێکی زۆر خراپن، بە ڕووێکی قایمەوە بازرگانەکان ڕووت دەکەنەوە» (مارکۆپۆلۆ، ۱۹۹۷: ۳). ئەمە یەکەم وێنای نەرێنییە لە بارەی کورد لە چاخەکانی ناوەڕاست، هەر ئەمەش وەک کلێشەسازییەک و کەمکردنەوەی نرخی مرۆیی کورد تا گەیشتنی ئینگلیس بۆ باشوور بەردەوام دەبێت. هەڵبەت بە تێپەڕین بە

---

36. Nerval et Flaubert.

37. Chateaubriand

گەڕیدە ئۆرووپاییەکان بەگشتی هەمان ڕوانینیان بۆکورد هەبووە.

ڕوپێرت های لە ساڵی ١٩٢١ بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کوردستان حاکمی سیاسیی ماندای ئینگلیز بووە، لە هەولێر دادەنیشت و بەسەر ناوچەیەکی زۆر ڕادەگەیشت بە ڕوونی دەڵێت: «زۆربەی خەڵک هەرگیز ناوی کوردیان نەبیستبوو، ئەگەر ناویشیان بیستبێت ئەوا زیاتر وەک کێوی و ڕێگر بووە» (ماکلین، ٢٠١٩: ١١٤)، هەر ڕیچ خۆیشی بەو چاوە سەیری کوردی کردووە و بە کلیشەی ئامادە بۆ خۆ جیاکردنەوە و خۆ بە گەورە زانین و خستنەپەراوێزی ئەویتر دەڵێت: «سەیری کوردەکان دەکەی وەک ڕێگر سەر بۆ هیچ ڕێسایەک دانانوێنن، ئەمەش مێژوویەکی کۆنی هەیە» (ماکلین، ٢٠١٩: ١١٥).

گەڕیدەی فرانسی تاڤێرنیێ لە سەدەی حەڤدەهەمەوە، واتە هەر لە سەرەتای دەستپێکی میسیۆنەکان و سەفەرەکان و سیحری ڕۆمانتیکی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا، ماوەی حەوت جار بە کوردستان تێپەڕیوە. لەم هەموو سەفەرەی شتێکی ئەوتۆی بۆ بەجێنەهێشتووین. مانگی گوڵانی ساڵی ١٦٤٤ دەگاتە موسل و شوێنەوارە کۆنەکان دەبینێت، بەم جۆرە باس لە کوردستان دەکات: «ئەم شوێنە بایەخێکی ئەوتۆی نییە، جگە لەوەی شوێنی کۆبوونەوەی بازرگانەکانە، بەتایبەتی بازرگانە کورد و عەرەبەکان کە ئەوان دانیشتووانی وڵاتی ئاشووری کۆنن، ئەمڕۆ پێی دەڵێن: کوردستان» (تاڤێرنیێ، ٢٠٠٦: ٤١).

زۆربەی هەرە زۆری ئەم گەڕیدانە ڕوانینێکی باشیان لە بارەی کوردستان پێشکەش نەکردووە، هەموویان کوردیان بە جەردە و ڕێگر داناوە، هۆی ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵ نەبوونیان بە کورد و بۆ بازرگانی و دیپلۆماتی و هتد، بە کوردستان تێپەڕیوون. زۆربەی گەڕیدەکان لە دەقەکانییان ئەم ڕوانینەیان بۆ یەکتری گواستۆتەوە، وەک کلێشەیەک بە درێژایی سەدەکان ئامادەگی هەبووە. ناسراوترین ئەم گەڕیدانە، بریتین لە: تورنەفۆ، تاڤێرنییی، ڤۆلنیێ، ژوول لۆرەنس و ئۆژێنفلاندا و هێنریبیندەر، تێڤۆنیێ و کامپانیل و بیانچی، لە ئینگلیزەکان کلۆدیۆس جیمس ڕیچ و فرایزەر و زۆری تر.

«تاڤێرنیێ دوای سی ساڵ سەفەر هێشتا هەمان ڕەوشتی کۆلۆنییە فرانسییە کۆنەکانی هەیە. ڕۆژهەڵات بۆ تاڤێرنیێ ڕەمزی سەرکەوتن و ماجەرا بووە. شوێنەوارەکان، ئیتنۆگرافی، بە پێچەوانەی هەندێ گەڕیدەی دی، هیچ ڕۆڵێکی لە ژیانی تاڤێرنیێ ناگێڕن. ئەو جل‌وبەرگ و پۆشاکانەش کە وەسفییان دەکات، تەنیا هی ئەو کاروانسەرا و ئەو کەسانە بووە کە باجیان بەرتیلیان وەرگرتووە، بە هیچ شێوەیەک باسی شارە کوردییەکان ناکات، ئەمەش لەبەر مەسەلەیەکی زۆر سادە، بۆ ئەوەی بەرتیل نەدا لە دەرەوەی شارەکان لە کاروانسەراکان ماوەتەوە» (تێژێل، ۲۰۰۰: ۹٦).

## ۸- ئاوابوونی گوتاری کوردۆلۆژی

لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەڵکەوتی ڕۆژهەڵاتناسی و لەگەڵ ئەویش کوردۆلۆژی و زۆر بواری تریش، بە تەواوی دەگۆڕێت. ئێدوارد سەعید لە کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی باس لەوە دەکات چۆن لەو سەردەمە سەرمایەداری و کۆلۆنیزاسیۆن لەوپەڕی گەشەی ئابووری بوو، فرانسا و بەریتانیا لە ۸۵ لەسەدی خاکی جیهانیان لەبەر دەست بوو. ئەمەش دەسەڵاتێکی ئیمپریالیستانەی مەزن بوو، لە هەمان کات خوێندنەوە و ڕوانینێکی کۆلۆنیالییانە و ئیمپریالیستانەش بەرقەراری هەبوو. ڕۆژهەڵاتییەکان دەبوایە فەرمانڕەوایی و نوێنەرایەتی بکرێن و بە فەرهەنگی ژێردەستەیی ڕابهێنرێن. لەناو ئەم هەڵکەوتە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژهەڵاتناسەکان و کوردۆلۆگەکانیش، وێڕای بایەخدان بە زمان و ئەدەبی کوردی و کۆکردنەوەی دەستنووس و پشتگیری کردن لە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەش، کە ئامانجی چاودێری و کۆنترۆل بوو، وەک چۆن گوتاری دەسەڵات و کۆنترۆل و چاودێری بە مانا فوکۆ-ییەکەی پێشنیازی دەکات، هەر ئەو ڕۆژهەڵاتناس و کوردۆلۆگانەی بایەخیان بە فەرهەنگی جیاجیای ڕۆژهەڵات دەدا. هەر ئەوان خۆیان کاربەدەستی دەوڵەت، یان ئاژانی نهێنی بوون، یان بۆ دەزگایەکی ئایینی نزیک لە دەوڵەت کاریان دەکرد، وەک گارزۆنی، یان تۆما بوا کە سەر بە دۆمنیکانەکان بوو. وەک حاکمانی سیاسی بەریتانی لە عێراق و کوردستانی عێراق لە ماوەی ماندای بەریتانی تا ساڵی ۱۹۵۸،

وەک: مێجەرسۆن، مارک سایکس، ئەدمۆنز دانەری کتێبی ناسراوی (کورد، تورک، عەرەب) و (فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی) بە هاوکاری تۆفیق وەهبی. هەڵوێستی کوردۆلۆگەکان وەک هەمان هەڵوێست و ڕوانینی تەواوی ئەو پۆڵەی نوێیەی کوردۆلۆگەکان بوو، ئەوانیش وەک: «ڕۆژهەڵاتناسەکان لە دەرەوەی ڕۆژهەڵات دەوەستان، ئەو نێوانە فەرهەنگی و زەمەنی و جیۆگرافیایەی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکانی دەپاراست. لەگەڵ ئەمەش پڕۆژە کۆلۆنیالییەکان و شەڕی دووەمی جیهانی وردەوردە ئەم نێوانە کەم دەکاتەوە کە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەبووە، لێرەوە پسپۆڕە نوێیەکانی ڕۆژهەڵات ئەو ئاژانانەن کە کار بۆ زلهێزە کۆلۆنیالەکان دەکەن» (تێژێل، ٢٠٠٦: ١). سەبارەت بە ماندای بەریتانی هەمان گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی و کۆلۆنیالیزمانە درێژەی پێدەدرا لە بایەخ نەدان بە کورد، زۆربەی کاربەدەستە بەریتانییەکانی وەک سێر پێرسی کۆکس و لۆنگریگ و مسس بێل و ئەرنۆلد ت. ویسلن بە گوتاری دژایەتی کورد ناسرابوون. لەو باوەڕەدابوون کورد ناتوانێت نوێنەرایەتی خۆی بکات؛ بەڵام مێجەر ئێدوار نۆییل وەک کەسایەتییەک لە دەرەوەی بازنەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی تەواو پێچەوانەی ئەمانە بیری دەکردەوە پێی وابوو کورد: «ئارەزوویەکی زۆری بۆ پەروەردەی سەردەم و پێشکەوتن هەیە. (...) کورد لەچاو تەواوی میللەتانی ڕۆژهەڵات توانای زۆرترە سوود لە دامەزراوەی جێگیر و پێشکەوتووی حکومەتی خۆی وەرگرێت» (کۆرن، ١٣).

بە هەمان شێوە لە سوریا بە پێی پلانی سیاسی کۆمەڵایەتی فەرمانڕەوای کۆلۆنیالی فرانسی ڕۆبێرت مۆنتێین لە سەرەتای سەدەی بیستەم، لە چوارچێوەی نیشتەجێکردن کە ئامانج لێی بە شارستانی کردنی دانیشتووانی سوریا لە عەرەب و کوردەکان بوو. بەسەرپەرشتی کوردۆلۆگی فرانسی پییێر ڕۆندۆ و ڕۆژێ لیسکۆ- ئەم دووانە لەگەڵ تۆما بوا بە یەکەم نەوەی نوێی کوردۆلۆگی فرانسی دادەندرێن- دەسەڵاتی فرانسی هەوڵدەدا زۆربەی کوردەکان بخاتە ناو پڕۆژەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی خۆی. بۆ ئەم کارەش پشتگیری جەلادەت بەردخان و سورەیا بەدرخان دەکەن، بەسەرپەرشتی خۆیان کاری فەرهەنگی بە ئاراستەی بووژانەوەوەی فەرهەنگی کوردی بکەن. پییێر ڕۆندۆ لەگەڵ جەلادەت بەدرخان خۆی ئەلفبێی لاتینی

بۆ کوردی کرمانجی و گۆڤاری هاوار دادەنێن. هەر بە سەرپەرشتی ڕۆندۆ خۆی ئەو گۆڤارە بڵاودەبێتەوە، ئامانجیش لێی کۆکردنەوەی هەڵبژاردەی ڕۆشنبیری کورد بووە لە دەورەی خۆیان. سورەیا بەدرخانیش بە هەمان پشتگیری لە بەیروت ڕۆژنامەی ڕۆناهی دەردەکات، کە ڕۆژنامەیەک بوو پڕوپاگەندەی بۆ دەسەڵاتی کۆلۆنیالی فرانسا لە لوبنان و سوریا و لە کوردستانی ڕۆژئاوا دەکرد، کە لە ناو هەمان پرۆسەی کۆلۆنیالی فرانسی بوو.

ڕۆژێ لیسکۆ (۱۹۱٤-۱۹۷۵) لە ناو کوردەکانی سوریا دەگەڕا بۆ هێنانیان بۆ ناو دەسەڵاتی فرانسی و جێگیر کردنیان و دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە، لە هەمان کات خەریکی دەستنووس کۆکردنەوە و بایەخدان بوو بە ئەدەبی کوردی کۆن و نوێ، نووسراو و نەنووسراو. لە کارە دیارەکانی ڕۆژێ لیسکۆ: لێکۆڵینەوە لە ئێزیدییەکانی سوریا و جەبەل سنجار ۱۹۳۸. پەند و قسەی نەستەقی کوردی ۱۹۳۷. چیرۆک و ڕۆمان لە ئەدەبی نوێی ئێرانی ۱۹٤۲. ڕێزمانی کوردی بە هاوبەشی لەگەڵ جەلادەت بەدرخان. مەمێ ئالان ۱۹۹۹. هەندێ کاری وەرگێڕانی تر لە بارەی ئەدەبی کوردی و فارسی.

«لە چوارچێوەی بەرژەوەندی فەرمانڕەوای کۆلۆنیالی فرانسی لە سوریا ڕۆبێرت مۆنتێین بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی مۆدێرن، کوردەکانیش بۆ ئەو وەک عەرەبە کۆچەرەکان بوون، وەک بەربەست دەبینران لە پێش بنیاتنانی ئەم دەوڵەتە. پرۆژەی فرانسا ڕاکێشانی کورد بۆ نیشتەجێ بوون و سڕینەوەی هەموو خەسڵەتێکی خێڵەکی، ڕاکێشانیان بەرەو ئابوورییەکی بەرهەمهێن، بووژانەوەی فەرهەنگی، دەکرێت سوودیان لێوەربگیرێت بۆ ئەو دەوڵەتە پوخت و نوێیە. بۆ ئەم پرۆژەیە پلانی مۆنتێین توێژینەوە بوو لە بواری کۆمەڵناسی، زارناسی، ئەنترۆپۆلۆژی، جیۆگرافیای مرۆیی، دەبوایە ئەم کارەش بەسەرپەرشتی خۆی و کوردۆلۆگە فرانسییەکان بکات، وەک پییرڕۆندۆ و ڕۆژێ لیسکۆ کە هەردووکیان ئەفسەر بوون»(تێژێل، ۲۰۰٦: ۲).

ئەم هەڵکەوتە تا دوای کۆتاییەکانی شەڕی دووەمی جیهانی بەردەوانم دەبێت. لێرە بە دواوە، لەگەڵ لاوازبوون و نەمانی کۆلۆنیزاسیۆن و

سەرهەڵدانی بزووتنەوە میللی و نەتەوایەتییەکان لە نێو کورد و عەرەب و فارسەکان، کۆتایی بە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی و کوردۆلۆژیش بە نۆرەی خۆی دێت؛ بەڵام لە یەکێتی سۆڤییەت کوردۆلۆژی درێژە بە میراتی سەدەی نۆزدەهەمی خۆی دەدا و لەگەڵ دەستپێکی سەدەی نوێ لە ناو زانینگەکان بە هەوڵ و کۆششی فرێیمان و ئۆربیلی زیندوو دەبێتەوە و تا هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام دەبێت؛ بەڵام لەگەڵ شەڕی دووەمی جیهانی کوردۆلۆژی ئۆروپای ڕۆژئاوا ئاوا دەبێت. لەم بارەیەوە جەمال نەبەز باس لە ئاوابوونی کوردۆلۆژی ئەلمانی دەکات، دەشێ ئەمەش بەسەر هەمووی پەیڕەو بێت: «لە پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە، کوردەوانی (مەبەستی کوردۆلۆژییە-م)، مەبەستم لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە، ئەستێرەی کوژایەوە و لەو ماوە دووروو درێژەدا و بگرە تا ئێستاش بە دەگمەن باسێکی کوردەوانی لەلایەن ئەلمانەکانەوە بڵاوکراوەتەوە؛ بەڵام لە جیاتی ئەو گەلێک باسی مێژوویی و سیاسی بە ئەلمانی دەرچووە» (نەبەز،١٩٧٤: ٥٩٣).

لێرەوە وەختێکی زۆری دەوێت تا بایەخدان بە کوردۆلۆژی، بەڵام بە ناوێکی دی، وەک توێژینەوە کوردییەکان لە دەرەوەی پەیوەندی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کۆن، سەرهەڵدەداتەوە؛ بەڵام ئەم جارە لە نێو زانینگا و ناوەندە زانستییەکانی ڕۆژئاوا. ڕۆڵی ئەمریکا لەم هەنگاوە پێشەنگە. لە کۆتایی سەدەی بیستەم پۆلێک پسپۆڕ لە بواری توێژینەوەی کوردی، نەک کوردۆلۆژی دەردەکەون. ئەمەش هەنگاوێکی تری توێژینەوەییە لە بارەی کورد و کوردستان کە بەشێکە لە توێژینەوەی سەردەمی پاش مۆدێرنیتێ.

## ٩- ئەنجام

کوردۆلۆژی گوتارێکی دامەزراوەیی ڕۆژئاواییە و وەک سیستەمێک، یان تۆڕێک لە زانین و ناسینە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ڕۆژئاوایی دەکات. ئەم گوتارە بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنیتێ-یە و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم و تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم درێژ دەبێتەوە. دوای شەڕی دووەمی جیهانی گوتاری کوردۆلۆژی ئاوا دەبێت. دوای ماوەیەک

بێدەنگی، لە کۆتایی سەدەی بیستەم لەناو زانستگا ڕۆژئاواییەکان، بەتایبەت لە ئەمریکا بە پلەی یەکەم ئینجا لە ئۆروپای ڕۆژئاوا، جارێکی دی بایەخدان بە کورد و فەرهەنگی کوردی لە شێوەی: توێژینەوە کوردییەکان، دوور لە هەر دەسەڵاتێک و دامەزراوەیەک، وەک بوارێکی فەرهەنگی و زانستی جێگای کوردۆلۆژی دەگرێتەوە. سەرچاوەکانی کوردۆلۆژی بریتین لە توێژینەوە زمانەوانییە کلاسیکییەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و تەواوی سەدەی نۆزدەهەم، کە بە سەردەمی بووژانەوەی زانستی فیلۆلۆژی ناسراوە، لەگەڵ نووسراوەی میسیۆنە ئایینییەکان و دەقی سەفەرنامەکان و توێژینەوە ئیتنۆگرافی و مێژووییەکان.

لە زوویەکەوە زمانی کوردی لە پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ دەزگا ئایینییەکانی ڕۆژئاوا نەک لە پێناوی زمانی کوردی خۆی سوودی لێوەرگیراوە و لە لایەن میسیۆنێرەکان فەرهەنگ و ڕێزمانی بۆ دانراوە. لە سەرچاوە کوردییەکان لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەم ناوی کوردۆلۆژی دێت؛ بەڵام دەبێت تا ساڵانی حەفتاکان چاوەڕێ بکەین بۆ ئەوەی ببێتە بابەتی توێژینەوەی کوردی و لێکدانەوەیی. لەم ڕووەوە چەند سەرچاوەیەکی پێشەنگی زانستیمان هەن، لەگەڵ بوونی سەرچاوەیەکی زۆری تری بێتایبەتمەندی فەرهەنگی و زانستی، کە ڕوانینێکی کوردی دەخەنە ڕوو و کوردۆلۆژی وەک بوارێکی خزمەتی فەرهەنگی کوردی دەناسێنن، نەک ڕۆژئاوایی. ئەمەش ڕوانینێکە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ئەزموون و بوونی گرفت لە ڕوانینی تیۆریکی و مێتۆدۆلۆژی. بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بوارە، توێژینەوەکەی ئێمە پێشنیازی خوێندنەوەیەکی کوردی ڕەسەن دەکات و کوردۆلۆژی وەک بوارێکی فەرهەنگی - ڕۆژئاوایی دەبینێت و ئەم بوارە هەردەم نوێنەرایەتی بەرژەوەندی و ڕوانینی ڕۆژئاوایی کردووە، نەک کوردی.

## سەرچاوەکان

### کوردی

مارف، ئەورەحمانی حاجی(١٩٧٤). لە بارەی کوردناسییەوە لە ڕووسیا و یەکێتی سۆڤییەت. گۆڤاری *کۆڕی زانیاری کورد*. ژمارە ٢-١ی ساڵی ١٩٧٤. بەغدا.

-------------------(١٩٧٣). چەند وشەیەک دەربارەی کۆمەڵە دەستنووسە کوردییەکانی ئەلێکساندەر ژابا. گۆڤاری *بەیان*. ژمارە ١٠ بە غدا.

-------------------(١٩٨٧). بە زمانی ڕووسی چی لە بارەی زمانی کوردی-یەوە نووسراوە. گۆڤاری *کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد*. ژمارە ١٦و ١٧ ساڵی ١٩٨٧. بەغدا.

نەبەز، جەمال (١٩٧٤). کورتە مێژوویێکی کوردناسی لە ئەلمانیادا. گۆڤاری *کۆڕی زانیاری کورد*، بەرگی ٢-١ی ساڵی١٩٧٤. بەغدا.

کوردۆ، قەناتی(١٩٧٦). ئی. ئا. ئۆربیللی و کوردناسی. گۆڤاری *کۆڕی زانیاری کورد*. ژمارە ٣-٢ی ساڵی ١٩٧٦. بەغدا.

-----------(١٩٧٤). نووسراوەکانی لێرخ لە بارەی کوردەوە. گۆڤاری *کۆڕی زانیاری کورد*. نارە٢-١ی ساڵی ١٩٧٤. بەغدا.

قادر محەمەد، ئەنوەر(٢٠٠٤). *چەند وتارێکی کوردناسی*. وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە. سەردەم. سلێمانی.

محەمەد، مەسعود(١٩٧٤٣). *بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا*، کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا.

---------------(٢٠٢١). *شکۆی ئەدەب*، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر. هەولێر.

خەزنەدار، جەمال(١٩٨١). *ڕۆژی کورد*. زنجیرەی ژیاندنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی ژ. ٣. بەغدا.

سەجادی، بەختیار(١٣٩٨). *زمان و وێژەی کوردی پاش٦٠ ساڵ ژیانی ئاکادیمیک: پێویستی گۆڕانکاریی پارادیگماتیک*. سنە.

--------------(٢٠٢٣). پێشەکی کتێبی *ڕۆژهەڵاتناسی*. وەرگێڕانی لە فرانسییەوە بۆ کوردی موحسین ئەحمەد عومەر. پێداچوونەوەی نوێ. چاپی

دووەم. هەولێر. دەزگای فام.

سەعید. ئێدوارد(٢٠١٨). *ڕۆژهەڵاتناسی*. وەرگێڕانی لە فرانسی. موحسین ئەحمەد عومەر. وەفایی. هەولێر.

**عەرەبی**

دیفید کۆرن(بلا تاریخ). *الرجلان اللذان ضما الکورد الی العراق*. ترجمە: مامکاک.

الرویلی، میجان. سعد البازعی(٢٠٠٥). *دلیل الناقد الادبی*. المرکز التقافی العربی. بیروت.

تافیرنییة(٢٠٠٦). *رحلة تافیرنیة الی العراق*. ترجمة کورکیس عواد، بشیر فرنسیس. الدار العربیة للموسوعات. بیروت.

**فارسی**

سجادی، بختیار(۲۰۲۰). «خوانش پسااستعماری بازنمایی کردها در گفتمان شرق‌شناسانه: مورد مطالعاتی سفرنامه کلودیوس جیمز ریچ». *مطالعات تاریخ فرهنگی*، ش. ۳۹، صص. ۷۴-۵۵.

**فرانسی و ئینگلیزی**

BLAU, Joyce. (1995) Vie et Œuvre de Thomas Bois. *The Journal of Kurdish Studies.* V. I. 1995. Louvain. Peters Presse. Pp 85-96.

Tejel, Jordi. (2000) L'exotisme et le récit de voyage français au Kurdistan. *In The Journal of Kurdish Studies.* V. III. 1998-2000. Louvain. Peters Presse. Pp 93-105.

----- Jordi (2006) Les Construction de l'Identité kurde sous l'Influence de la Connexion kurdofrançais, au Levant. 1930-1946. In *European Journal of Turkish Studies.* Issue n. 5.

Leezenberg, Michel. (2011) Soviet Kurdology and Kurdish Orientalism. In https://www.reaserchgate.net/publication.pp 1-19.

Galletti, Mirella. (1995) The Italian Contribution to Kurdology

(13th to 20th Century). *The Journal of Kurdish Studies.* V. I. 1995. Louvain. Peters Presse. Pp 97-112.

Maclean Gerald. (2019) British Travelers, the Kurds, and Kurdistan: a brief literary history. C. 2520-1673. *In Kurdish Studies*. V.7. Octobre. pp 113-134.

Mokri, Moh. (1963) *Kurdologie et enseignement de la langue kurde en URSS.* Extrait de l'Ethnographie Revue de la Société d'Ethnographie de Paris Année 1963. Librairie Orientaliste Paul Geuthner. Paris.

Nourrissier, François. (1997) *Dictionnaire des Genres et Notions Littéraires.* Paris, Albin Michel. POLO,

Marco, (1997) *La Description du Monde*. Paris. Klincksieck,1956. Extrait tire de L'appel du Kurdistan. N. 22. Décembre 1997.